## خوێندنەوەیەک بۆ پەڕتووکی «*نوانەسازی و ئاماژەپێوی بۆ نووسینی ئەکادێمیکی کوردی*» نووسراوەی د. بەختیار سەجادی

**جەعفەر قارەمانی**


**پوختە**

کتێبی *نوانەسازی و ئاماژەپێوی بۆ نووسینی ئەکادیمیکی کوردی*، نووسراوەی بەختیار سەجادی، ساڵی ٢٠٢٤ لەلایەن دامەزراوەی *ڤیژن ئیجۆکەیشن* لە هەولێر چاپ و بڵاوکراوەتەوە. سەجادی لەم پەرتووکەدا هەوڵی داوە زمانی کوردی لە کەنارەکانی دابڕانەوە بەرەو دەروازەکانی نوانەسازی و ئاماژەپێوی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ببات. نووسەر لە ڕێگەی ئاراستەکردنی زنجیرەیەک پرسیاری ورد بۆ دامەزراوە فەرمییەکان، نەخشەڕێگەیەکی تەکنیکی بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا دادەڕێژێت. لەم کتێبەدا تەنیا کێشەکان بە شێوەی ڕەخنەیی دەستنیشان نەکراون، بەڵکوو توێژەر وەک ئەندازیارێکی بواری ئەکادیمی توانیویەتی گرێپووچکەی نێوان *سیاسەتی زمان* و *تەکنۆلۆژیای زانیاری* بکاتەوە. سەجادی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چاکسازیی زانستی لە کوردستان پێویستییەکی نیشتمانییە، بۆ ئەوەی زمانی کوردی وەک زمانێکی زانستیی خاوەن ستاندارد بناسرێت. ئەم بەرهەمە وەک یەکەمین کتێبی کوردی لەسەر سایتەیشن بۆ زمانی کوردی و ئیندێکسینگ بۆ توێژینەوەی کوردی دەناسرێت. ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە ئاشنابوونێکە بە بەیاننامەی چاکسازیی ئەکادیمی کە پێویستە هەموو لایەنەکان وەک ئەلفوبێیەکی بەڕێوەبردنی زانستی ڕەچاوی بکەن. سەجادی باس لە ئەزموونی گۆڤاری *پژوهشنامه ادبیات کُردی* دەکات کە وەک یەکەمین گۆڤاری کوردیی ناوەندی، توانیویەتی متمانەی ناوەندی زانستیی (ISC) بەدەستبهێنێت، خاوەنی ناسنامەی (DOI) بێت و لە ناوەندی (DOAJ) نوانەسازی بکرێت. ئەزموونی ئەم گۆڤارە دەیسەلمێنێت کە ئەگەر مێکانیزمە زانستییەکان بە دروستی جێبەجێ بکرێن، زمانی کوردی توانای ئەوەی هەیە جێگە و پێگەی خۆی لە ڕیزبەندییە جیهانییەکاندا بکاتەوە. لەم وتارەدا، بە شێوازی وەسفی ـ شیکاری، هەوڵ دراوە تیشک بخرێتە سەر چۆنیەتیی گواستنەوەی کایەی زانستیی کوردی لە دۆخی دابڕانەوە بەرەو سیستەمێکی نوانەسازیی جیهانی. ئەگەر ناوەندە پەیوەندیدارەکان پێشنیارەکانی ئەو کتێبە وەک پرۆگرامێکی کار وەرنەگرن، زمانی کوردی ناتوانێت ببێتە خاوەنی هاوکۆلکەی کاریگەری کە ئەمڕۆ پێوەری سەرەکیی متمانەی زانستییە.


**وشە سەرەکییەکان:** نوانەسازی؛ ئاماژەپێوی؛ نووسینی ئەکادیمیک؛ هاوکۆلکەی کاریگەری.

## ١. سەرەتا

دەقی زانستی جۆرێکی تایبەت لە نووسینە کە ئامانجی سەرەکی گواستنەوەی زانیاریی ورد و ڕاستەقینەیە سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراوی زانستی. مێژووی سەرهەڵدانی دەقی زانستی لە زمانی کوردیدا، پرۆسەیەکی قۆناغ بە قۆناغ بووە و ڕەگ و ڕیشەی بۆ سەدەکانی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. لە قۆناغی سەرەتاییدا زانایانی کورد زۆربەی بەرهەمە زانستییەکانیان بە زمانی عەرەبی، یان فارسی دەنووسی. بە هاتنی چاپخانە و گەشەی ڕۆژنامەگەریی کوردی (وەک ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٨)، هەوڵەکان بۆ نووسینی وتاری زانستی بە زمانی کوردی دەستی پێ کرد. هەروەها، بە دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد لە ساڵی ١٩٧٠، گرنگییەکی زۆر بە دانانی زاراوەی زانستی و وەرگێڕانی دەقە زانستییەکان بۆ زمانی کوردی درا. لە قۆناغی ئەکادیمیدا، بە کردنەوەی بەشە زانستییەکان لە زانکۆکانی هەرێم و بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی خوێندن لە هەندێک بواری مرۆییدا، دەقی زانستیی کوردی چووە قۆناغێکی نوێوە. ئەم گەشەیە نیشان دەدات کە زمانی کوردی توانایەکی بەرچاوی هەیە، بۆ ئەوەی ببێتە زمانێکی تەواو زانستی و ئەکادیمی.

لە سەردەمی شۆڕشی زانیاری و جیهانگیریی مەعریفیدا، ئاستی گەشەکردنی هەر کۆمەڵگەیەک چیتر تەنیا بە ژمارەی زانکۆکان، یان بڕوانامەکان ناپێورێت، بەڵکوو بە ئاستی ئامادەیی زانستی و کاریگەریی بەرهەمە ئەکادیمییەکانی لە مەکۆ و پێوەرە جیهانییەکاندا دەردەکەوێت (سەجادی، ٢٠٢٤: ٤٠). زانست لە دونیای ئەمڕۆدا بووەتە زمانێکی یەکگرتوو کە بنەماکانی بریتین لە «نوانەسازی»، «ئاماژەپێوی» و «هاوکۆلکەی کاریگەری». لەم چوارچێوەیەدا، زمانی کوردی و بواری ئەکادیمیی کوردستان، سەرەڕای هەوڵە تاکەکەسییەکان و ژمارەی زۆری گۆڤار و بڵاوکراوە زانستییەکان، هێشتا ڕووبەڕووی قەیرانی ئامادەبوونی زانستی و دابڕان لە میکانیزمە هاوچەرخەکانی بەرهەمهێنانی زانستە. ئەم دۆخە تەنیا ڕێگر لە بەشداریکردنی توێژەرانی کورد لە دیالۆگی زانستیی نێودەوڵەتیدا نابێت، بەڵکوو جۆرێک لە گۆشەگیریی مەعریفی بەسەر توێژینەوەی کوردیدا سەپاندووە کە مەترسی لەسەر پێگەی زمانی کوردی وەک «زمانی زانست» دروست کردووە.

کاتێک دەقی زانستیی کوردی لە داتابەیسە جیهانییەکاندا ئامادە نەبێت، لە ڕووی ئاماری و مەعریفییەوە وەک ئەوە وایە هەر بوونی نەبووبێت. ئەم «نەبوونە» تەنیا کێشەیەکی تەکنیکی نییە، بەڵکوو نیشانەی قەیرانێکی کردەوەیی و دامەزراوەییە کە بە ئاراستەی دابڕان لە ستانداردە مۆدێرنەکان دەڕوات. نووسینی ئەکادیمی تەنیا کردەیەکی زانستی بۆ ڕیزکردنی وشەکان نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکی هزریی ڕێکخراوە بۆ گواستنەوەی زانیاری بە وردی، بێلایەنانە و متمانەپێکراو. کاتێک توێژەرێک لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بە زمانی کوردی دەنووسێت، لە ڕاستیدا بەشداری لە پاراستن و گەشەپێدانی زمانەکەی دەکات. ئەگەر زانست بە زمانی کوردی نەنووسرێت، زمانەکە لە ئاستی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا دەمێنێتەوە و توانای گەشەکردنی لە بواری زانستیدا سنووردار دەبێت. هەروەها، کاتێک توێژینەوەیەک بەپێی ستانداردەکانی نوانەسازی[١] و ئاماژەپێوی[٢] ئامادە دەکرێت، تەنیا بەرهەمی هزری یەک توێژەر نییە، بەڵکوو دەبێتە بەشێک لە سیستەمێکی بەرفراوان و متمانەپێکراوی زانستی.

١. Indexing

٢. Citation

کاتێک توێژەرانی کورد لە توێژینەوە زانستییەکانی خۆیاندا پابەندی ستانداردەکان دەبن، زمانی کوردی دەبێتە زمانێکی زانستیی خاوەن شکۆ کە دەتوانێت لە ئاستی ئەکادیمیدا لەگەڵ زمانە جیهانییەکانی دیکەدا ڕکابەری بکات. لە گوتاری ئەکادیمیی کوردیدا، نەریتی خۆبەزلزانیی ڕۆشنبیری لەنێو کۆمەڵگەی ئەکادیمیدا هێشتا وەک ئاستەنگێک لەبەردەم پەرەسەندنی زانستدا ماوەتەوە؛ کە تێیدا نووسەران و توێژەران، بەبێ پشتبەستن بە ستاندارده جیهانییەکان و بەبێ ڕێزگرتن لە ئەمانەتی زانستیی ئەوانی دیکە، بەرهەمی ئەکادیمی بە بابەتی ئیلهام، یان سەلیقەی کەسی دەبینن. توێژینەوەی کوردی هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدایە و نەیتوانیوە بە تەواوی لە ڕەوتی خۆڕسکان و هەڕەمەکی ڕزگاری بێت. لەم بەرهەمەدا، تەنیا کێشەکان بە شێوەیەکی ڕەخنەیی دەستنیشان نەکراون، بەڵکوو نووسەر، وەک ئەندازیارێکی بواری ئەکادیمی، نەخشەڕێگایەکی کردەیی بۆ بەدامەزراوەییکردنی توێژینەوەی کوردی پێشکەش دەکات.

کتێبی «نوانەسازی و ئاماژەپێوی بۆ نووسینی ئەکادێمیکی کوردی» وەک دەقێکی ڕەخنەیی و پراگماتیک، هەوڵ دەدات ئەم دۆخە لە ڕوانگەی «زانستپێوی» و «گۆڕانکاریی پارادیگماتیک»ـەوە هەڵبسەنگێنێت (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٧٥). لەو بەرهەمەدا، نووسەر داوای پەیڕەوکردنی یاساکانی نووسینی توێژینەوەی زانستی و نێودەوڵەتیکردنی نووسینی زانستیی کوردی دەکات. ئەو توێژینەوەیە پردێکە، بۆ ئەوەی توێژەرانی کورد لە «ئاستی تاکە»ـەوە بۆ «ئاستی دامەزراوەیی» بگوازرێنەوە؛ کە تێیدا نوانەسازی و ئاماژەپێوی دەبنە ناسنامەی زانستیی نووسەر و متمانەی زانستیی توێژینەوەکە. لەو ڕانانەدا، هەوڵ دەدەین بە وردی لەو خاڵانە بکۆڵینەوە کە نووسەر تێیدا هەوڵی داوە کلتووری «نووسینی هەڕەمەکی» بگۆڕێت بۆ «نووسینی ئەکادیمیی سیستەماتیک». ئەم ڕانانە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی کۆی ئەو پێشنیار و ڕوانگانەی نووسەر لەم بەرهەمەدا ئاراستەی کردوون.

خوێندنەوەی ئەم کتێبە تەنیا تێگەیشتن لە چەند ڕەخنەیەکی ڕووکەشی نییە، بەڵکوو ئاشنابوونە بە «بەیاننامەی چاکسازیی ئەکادیمی» کە پێویستە توێژەران، مامۆستایانی زانکۆ و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان وەک «ئەلفبێی بەڕێوەبردنی زانستی» ڕەچاوی بکەن. لەم ڕانانەدا، هەوڵمان داوە بە وردی تیشک بخەینە سەر چۆنیەتیی گواستنەوەی کایەی زانستیی کوردی لە «دۆخی دابڕان»ـەوە بەرەو «سیستەمێکی نوانەسازیی جیهانی»، تا پێکەوە ئەو وێنە گەورەیە ببینین کە سەجادی بۆ داهاتووی زانستیی کوردی کێشاویەتی؛ ئەو وێنەیەی کە تێیدا زمانی کوردی، بە دەقە ئەکادیمییەکانی، نە تەنیا لە ڕووبەری جوگرافی، بەڵکوو لە ڕووبەری هزریی جیهاندا ئامادەیی هەبێت.

کتێبی «نوانەسازی و ئاماژەپێوی بۆ نووسینی ئەکادێمیکی کوردی»، لە نووسینی د. بەختیار سەجادی، ساڵی ٢٠٢٤ چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەو کتێبە لە هەشت بەشی سەرەکی و پێشەکییەکی تێروتەسەل پێکهاتووە. پێشەکییەکە باسی هەوڵە تاکەکەسی و دامەزراوەییەکانی نووسەر لەم بوارەدا دەکات. بەشی یەکەم تایبەتە بە ناساندنی پرسەکە، پێناسەکردنی زاراوەکان و گرنگیی زمانی کوردی لە بەرهەمهێنانی زانستدا. بەشی دووەم بۆ باسکردنی زمانی کوردی لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا، کێشەی چاپەمەنی و گرفتەکانی بەردەم توێژەری کورد لە جیهانی دیجیتاڵدا تەرخان کراوە. بەشی سێیەم بەراوردکاریی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی فارسی، تورکی و عەرەبی لە ڕووی نوانەسازی و بەشداریکردن لە بنکەدراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەخاتەڕوو.

بەشی چوارەم، تیشک دەخاتە سەر کێشەکانی نووسینی ئەکادیمی، پاشاگەردانی لە ڕێنووسدا، لاوازیی گۆڤارە کوردییەکان و ڕێگەکانی چاکسازی. بەشی پێنجەم، باسی دۆخی ئێستای نوانەسازی، پێویستیی داتا دیجیتاڵییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ توێژەران دەکات. بەشی شەشەم، تایبەتە بە گۆڕانکاریی پارادیگماتیک، پێویستیی گۆڕینی گۆڤارەکان بۆ گۆڤاری پسپۆڕانە و ڕێکخستنی سیستەمی هەڵسەنگاندنی توێژینەوە. بەشی حەوتەم، بۆ ئاماژەپێوی لە نووسینی ئەکادیمیی کوردی، ڕۆڵی توێژینەوەی هاوبەش و ڕانانی کتێب تەرخان کراوە. لە بەشی هەشتەم، ئەنجام و خشتە زانستییەکان کە ڕێژەی بەرهەمهێنانی زانستی بە زمانە جیاوازەکان نیشان دەدەن، دەخاتەڕوو (سەجادی، ٢٠٢٤: ٤٢، ٤٤).

**سەبارەت بە خاڵە بەهێزەکانی ئەم توێژینەوەیە:**

**یەکەم: داتاکاری و زانستیبوون:** کتێبەکە تەنیا ڕەخنە نییە، بەڵکوو بەکارهێنانی خشتە و ئاماری نێودەوڵەتی، وەک Scopus و Web of Science، تێدایە، کە گرنگییەکی زۆری بە ناوەڕۆکەکەی بەخشیوە.

**دووەم: داڕشتنی زاراوەکان:** نووسەر هەوڵی داوە زاراوە ئەکادیمییەکان بە زمانی کوردی دابڕێژێت و لە کۆتایی کتێبەکەدا فەرهەنگۆکێکی تایبەتی بۆ داناوە.

**سێیەم: خستنەڕووی نەخشەڕێگە:** کتێبەکە تەنیا دەستنیشانکردنی کێشەکان نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک پێشنیاری کردەیی بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و زانکۆکان خستووەتەڕوو، بۆیە ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی بنەڕەتییە بۆ هەر توێژەر، مامۆستای زانکۆ یان دەزگایەکی چاپەمەنی کە بیەوێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا توێژینەوەی ئەکادیمی بە زمانی کوردی بکات.

### ١. ١. پێشینەی توێژینەوە

یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، گەڕانەوەیە بۆ پێشینە و هەڵسەنگاندنی ئەو لێکۆڵینەوانەیە پێشتر لەسەر بابەتی توێژینەوەکە ئەنجام دراون. ئەمەش بە مەبەستی دەستنیشانکردنی خاڵی دەستپێک و کەلێنی زانستیی بابەتەکەیە؛ بەڵام سەبارەت بە کتێبی «نوانەسازی و ئاماژەپێوی بۆ نووسینی ئەکادێمیکی کوردی»، کە بەرهەمێکی دەگمەن و نوێیە لە کایەی بەرهەمهێنانی هزر و زانستپێویی کوردیدا، دۆخەکە بەتەواوی جیاوازە. بەپێی گەڕان و بەدواداچوونە وردەکانمان لە گۆڤارە ئەکادیمییە ناوخۆیی و ناوچەییەکان و بنکەدراوە دیجیتاڵییەکاندا، بەڕوونی دەرکەوت کە، تا کاتی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، هیچ وتارێک، لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ، یان ڕانانێکی زانستی لەسەر ئەم بەرهەمە بڵاو نەکراوەتەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نوێبوونی بابەتی کتێبەکە. بەم پێیە، ئەم وتارە یەکەمین خوێندنەوەی زانستی و شیکاریی ڕەخنەیی هەژمار دەکرێت کە بۆ شرۆڤەکردنی ناوەڕۆک و پەیامی ئەم بەرهەمە تەرخان کراوە. ئەم پێشەنگبوونە، لە لایەکەوە، گرنگییەکی تایبەت بەم توێژینەوەیە دەبەخشێت؛ چونکە دەبێتە یەکەمین دۆکیۆمێنت لەسەر ئەم کتێبە. لە لایەکی دیکەشەوە، دەروازەیەک دەکاتەوە و دەبێتە بەردی بناغە بۆ توێژەران و ڕەخنەگرانی داهاتوو، تا لە گۆشەنیگای جیاوازەوە سەرنج بخەنە سەر ئەم پرسە چارەنووسسازە و پەرە بە ئەم گوتارە نوێیە لە ناوەندی ئەکادیمیی کوردیدا بدەن.

### ١ .٢. شێوازی نووسین

شێوازی نووسینی ئەم ڕانانە لەسەر کتێبی «نوانەسازی و ئاماژەپێویی نووسینی ئەکادێمیکی کوردی»، شێوازی وەسفی - شیکارییە. ڕانانەکە تەنیا بە ناساندن و گێڕانەوەی ڕووکەش و ناوەڕۆکی بەشەکانی کتێبەکە ڕاناوەستێت، بەڵکوو دەقەکە و تێزەکانی نووسەر دەخاتە بەر تیشکی هەڵسەنگاندنێکی هۆشیارانە و ورد.

## ٢. دەقی سەرەکیی وتار

بەشی پێشەکیی ئەم توێژینەوەیە وەک چوارچێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی بۆ کێشەیەکی بنەڕەتی لە گوتاری زانستیی کوردیدا دیاری دەکرێت. نووسەر لەم بەشەدا لەسەر دوو تەوەری سەرەکی وەستاوە: یەکەم، لاوازیی پێگەی جیهانی و هەرێمیی توێژینەوەی کوردی؛ دووەم، نەبوونی میکانیزمی نوانەسازی و ئاماژەپێوی. نووسەر لە پێشەکیی ئەم بەرهەمەدا بە تێڕوانینێکی ڕەخنەییانە دەست پێ دەکات و جیاوازیی نێوان توێژەری کورد و توێژەری کوردینووس بە خاڵێکی وەرچەرخان دەبینێت. لە ڕوانگەی نووسەرەوە، کێشەکە تەنیا نەبوونی توێژینەوە نییە، بەڵکوو نەبوونی سیستەمێکی مۆدێرن بۆ نوانەسازییە کە دەبێتە هۆی دانیپێدانانی گۆڤار و ناوەندە زانستییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا؛ هەروەها، ئاماژەپێویش پێوەرێکی سەرەکییە بۆ دیاریکردنی پێگەی زانستیی توێژینەوە و زمان. ئەم پێشەکییە وەک نەخشەڕێیەک بۆ گۆڕینی ئاراستەی توێژینەوەی کوردی دەخوێنرێتەوە؛ نووسەر تەنیا باس لە ئامانجەکان ناکات، بەڵکوو لە لاپەڕەیەکی تردا مێژوویەکی خەباتکارانەی خۆی لەم بوارەدا دەخاتەڕوو، تا بیسەلمێنێت کە ئەکادیمیای کوردی لە قەیرانی بێبەرنامەیی و دابڕان لە جیهان دایە.

دەقەکە لە ڕووی شێوازناسییەوە ڕوون و ڕاشکاوە، و خاڵی بەهێزی بریتییە لە ڕەخنەی بونیادی. نووسەر پەنجە دەخاتە سەر کەلێنەکان، وەک نەبوونی بنکەدراوەیەکی گشتگیر(Database) ، بێباکیی دامودەزگا ئەکادیمیەکان و کەمتەرخەمیی ناوەندە بڕیاربەدەستەکان لە هەرێمی کوردستان. هاوکات، دەقی ئەم توێژینەوەیە تەنیا تیۆری نییە، بەڵکوو ڕەخنەکە دەباتە ئاستی پێشنیاری چارەسەر. سەجادی بە گوتارێکی بەرپرسانە، توێژەر، کاربەدەست و دەزگای بڵاوکردنەوە هان دەدات بۆ گۆڕانکاریی پارادیگماتیک، بۆ ئەوەی ئەم بەرهەمە لە ئاستی ئەکادیمیکدا زیاتر خۆی بسەلمێنێت، لە بەشەکانی تردا بەوردی تیشک دەخرێتە سەر بەراوردکاریی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی فارسی و تورکی، کە توانیویانە لە ڕێگەی نوانەسازییەوە بگەنە ئاستی *Scopus*، *Web of Science* هەروەها، لە بەشێکی تردا، ئەو زاراوە ئەکادیمیانەی نووسەر بەکاری هێناون، دەکرێن وەک بنەمایەک بۆ ستانداردکردنی زمانی زانستیی کوردی بەکاربهێندرێن (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٤، ٣٣).

لە بەشێکی دیکەی پێشەکیدا، نووسەر بە وردییەکی زۆرەوە هەوڵە تاکەکەسییەکانی خۆی لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٩ تا ٢٠٢٢ دەخاتەڕوو. تەوەری سەرەکیی ئەم بەشە پەراوێزخستنی زانستی و لاوازیی ژێرخانی ئەکادیمیک لە هەرێمی کوردستانە، کە نووسەر وەک هەڕەشەیەکی جیدی بۆ سەر ناسنامە و کیانی کوردی وێنای دەکات. گرنگیی ئەم بەشە لەوەدایە کە نووسەر لە قسەی گشتییەوە دەچێتە سەر دۆکیومێنتکردنی ڕەخنەکان. نووسەر، بە ئاماژەدان بە دانیشتنەکانی لەگەڵ بەرپرسان، ئەو ڕاستییە تاڵە دەردەخات کە تێگەیشتنی زانستی لای بڕیاردەران بوونی نییە، یان ئەگەر هەبێت، ڕووبەڕووی کۆسپ و تاوانبارکردنی نادروست دەبێتەوە. سەجادی لەم بەشەدا سەرەتا باسی ئەو تەنگەژانە دەکات کە لە ئەنجامی نۆ پرسیارەکەی بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕووبەڕووی بووەتەوە و بە توندترین شێوە وەڵامی ئەو تۆمەتانە دەداتەوە کە بە «سانسۆر» تاوانباریان کردووە. پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە بانگەوازەکەی خەمخۆرییەکی نەتەوەیی و ئەرکێکی زانستییە، نەک دەستێوەردان؛ ئەمەش بنەمایەکی ئەخلاقی بە بەرهەمەکە دەبەخشێت. پاشان، نووسەر چاردە پرسیار ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکات، کە بەڵگەیەکی تەواون، بۆ ئەوەی بزانین سیستەمی ئەکادیمیکی هەرێمی کوردستان تا چەند لە ستانداردە جیهانییەکان، وەک ISSN، DOI، COPE، ORCID گۆڤارە خاوەن (IF) Impact Factor، دابڕاوە.

بەشداریکردنی د. سەجادی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارە گرنگەکان وای لێ کردووە بە وردی لە «کۆسپەکانی بەردەم نووسینی زانستی بە زمانی کوردی» ئاگادار بێت. ئەزموونی بەڕێوەبردنی گۆڤارە ئەکادیمییەکانی زانکۆی کوردستان (سنە)، نووسەری بردووەتە قووڵایی کێشە تەکنیکییەکانی نوانەسازی و ئاماژەپێوی. هەروەها، بەشداریکردنی نووسەر لە کۆنفرانس، سیمینار و وێبینارەکان نیشان دەدات کە لە هەوڵی دروستکردنی گوتارێکی نوێدا بووە. لە هەمان کاتدا، نامە ئاوەڵاکانی وەک هەوڵێکی ڕەخنەیی-سیاسی بۆ وەزیری ڕۆشنبیری (٢٠٢٠) سەبارەت بە نەبوونی ستانداردەکان، و بۆ وەزیری خوێندنی باڵا (٢٠٢٠) بۆ کەمکردنەوەی دابڕانی زانکۆکان لە جیهانی زانست، نیشاندەری ئەو هەوڵانەن. لە کۆتاییشدا، بەدواداچوونە حکومییەکان نیشاندەری شێلگیری و سەبری نووسەرن (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٩، ٢٣).

**٢. ١. خوێندنەوەی بەشی یەکەم: ناساندنی پرسەکە و پێناسەکان**

ئەم بەشە بە شێوازێکی چڕ و ڕەخنەییانە تیشک دەخاتە سەر یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی هزری ئەکادیمیی کوردی؛ واتە دۆخی زمانی کوردی لە نێو سیستەمە ئەکادیمی و جیهانییەکاندا. سەرەڕای دەوڵەمەندیی پێکهاتەیی و مێژوویی ئەم زمانە، ڕووبەڕووی قەیرانێکی قووڵی «نادیاریی مەعریفی» بووەتەوە. لە کاتێکدا گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان و پەرەسەندنی میدیا و ئامرازەکانی پەیوەندی بوونەتە هۆی گەشەسەندنی زمانی کوردی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕوانینی سوژەی کوردییەوە، ئەم گەشەسەندنە نەیتوانیوە بەرهەمی هزری و زانستیی کوردی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەدیار بخات. ئامارەکانی بنکەدراوە جیهانییەکان، وەک Scopus، Web of Science، دەریانخستووە کە زمانی کوردی لەو ڕیزبەندییانەدا تەنانەت لە خوارترین ئاستەکانیشدا بوونی نییە. ئەمەش بەو مانایەیە کە، سەرەڕای چالاکییەکان لە سۆشیاڵ میدیا و ویکیپیدیا، زمانی کوردی لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی زانستیدا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نەک تەنها کز و لاوازە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا لەو ناوەندانەدا بوونی نییە (سەجادی، ٢٠٢٤: ٣٣). هۆکاری سەرەکیی ئەم دۆخەی زمانی کوردی، نەبوونی توێژینەوەی کوردی لە ناوەندە گەورەکانی نوانەسازی و ئاماژەپێوییە. لە کاتێکدا زمانەکانی وەک فارسی و تورکی، بەهۆی سیاسەتی زانستیی وڵاتەکانیانەوە، گەشەیەکی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیوە، بە پێچەوانەوە توێژەرانی هەرێمی کوردستان بەرهەمەکانیان وەک بەشێک لە سامانی زانستیی عێراق دادەنرێت و لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا لەگەڵ زمانی وڵاتە سەردەستەکان تێکەڵ بووە. نەبوونی هیچ گۆڤارێکی زانستیی کوردی کە لەلایەن ناوەندە نێودەوڵەتییەکانەوە وەک گۆڤارێکی پەسەندکراو بناسرێت، وای کردووە کە توێژینەوەی کوردی، هەرچەندە مەعریفە و هزریش ئاراستە بکات، نەتوانێت کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی زانستیدا هەبێت؛ چونکە نوانەنەکراویی گۆڤار و وەشانگەکان لە کوردستان، ئەو بەرهەمانە لە هاوکێشەی زانستیی جیهانیدا دەخاتە دەرەوەی بازنەی کارایی.

سەجادی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پێشکەوتنی زمان لە سەردەمی نوێدا چیتر تەنیا بە ژمارەی ئاخێوەران یان دەوڵەمەندیی ئەدەبی ناپێورێت، بەڵکوو پێوەری بنەڕەتی بۆ ئەم پرسە بریتییە لە چۆنیەتیی ئامادەبوون و بەشداریکردنی زمانەکە لە بنکە زانستییە باوەڕپێکراوەکاندا. لەم چوارچێوەیەدا، بە باوەڕی توێژەر و بەپێی خوێندنەوەکانی بۆ ئەو قەیرانە، زمانی کوردی ڕووبەڕووی کۆسپێکی گەورەی زاراوەیی بووەتەوە؛ بە جۆرێک کە نەبوونی هاوواتای جێگیر و پسپۆڕانە بۆ چەمکگەلێک، وەک ژۆرناڵ و جیاکردنەوەی لە مەگەزین، بووەتە هۆی ئەوەی تەنانەت توێژی خوێندەوار و ئەکادیمییش لە ئاستی گۆڕانکارییە جیهانییەکاندا هەست بە نامۆیی بکەن. ئەم کێشەیە تەنیا لە ڕووی زاراوەوە نییە، بەڵکوو لە ڕووی کردەییشەوە بەشێکە لە قەیرانی نەبوونی سیستەمێکی تۆکمەی نوانەسازی و ئاماژەپێوی بۆ گۆڤار و ژۆرناڵە زانستییە کوردییەکان، کە بەهۆی ئەوەوە

نەتوانراوە ئاستی کاریگەریی توێژینەوەکان هەڵبسەنگێندرێت (سەجادی، ٢٠٢٤: ٥١). ئامانجی سەرەکیی ئەم کتێبە ئەوەیە بە وردی لە ڕەوشی گۆڤار و ژۆرناڵە کوردییەکان بکۆڵێتەوە و بەراوردێکی زانستی لە نێوان ئەوان و ژۆرناڵە نێودەوڵەتییەکاندا ئەنجام بدات. نووسەر ئەو پرسیارە دەخاتەڕوو کە بۆچی زمانی کوردی تا ئێستا نەیتوانیوە ببێتە خاوەن ژۆرناڵێکی ئەکادیمیی باوەڕپێکراو، و چۆن دەکرێت ئەم زمانە بخرێتە ڕیزی زمانە بەرهەمهێنەرەکانی هزر و زانست لە جیهاندا. هەنگاوی یەکەمی ئەم ڕێگەیە، وەک لە دەقەکەدا ئاماژەی پێ کراوە، پێکهێنانی بنکەی داتای دیجیتاڵییە؛ چونکە تا زمانی کوردی نەبێتە خاوەن بنەمایەکی ئەوتۆ کە مەرجە زانستی و ئەکادیمییەکان ڕەچاو بکات، ناتوانێت زاڵ بێت بەسەر ئەو کۆسپە گەورانەی کە بوونەتە ڕێگر لە بەردەم توێژەرانی کورددا، بۆ ئەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەمان پێگە و دەرفەتی توێژەرانی وڵاتانی تر بەدەست بهێنن. نووسەر لە بەشی پێناسەی زاراوەکاندا هەوڵی داوە دەقێکی زانستی و تەکنیکی دابڕێژێت کە تێیدا چەمکە ئاڵۆزەکانی جیهانی توێژینەوەی ئەکادیمی بە کوردییەکی پاراو و ورد دەستنیشان کراون. گرنگیی ئەم بەشە لەوەدایە کە بۆ یەکەم جار، بەم شێوەیەکی سیستەماتیک، هەوڵی بەکوردیکردنی زاراوەکانی «نوانەسازی» و «ئاماژەپێوی» دەدرێت (سەجادی، ٢٠٢٤: ٤٥).

### ٢,٢. خاڵە گرنگەکانی شیکاریی زاراوەکان

**٢,٢. ١. سەپاندنی زاراوەسازیی ئەکادیمی:** سەجادی تەنیا بە وەرگێڕانی وشەکان نەوەستاوە، بەڵکوو هەوڵی داوە مانا تەکنیکی و پراکتیکییەکانیان دیاری بکات؛ بۆ نموونە، جیاوازیی نێوان «ژۆرناڵ» وەک دەزگایەکی ئەکادیمی و «مەگەزین» وەک گۆڤارێکی گشتی، هەنگاوێکی گرنگە بۆ ڕێکخستنی کلتووری نووسینی کوردی. پێناسەکان تەنیا لێکدانەوەی وشەیی نین، بەڵکوو زانیاریی دەربارەی مێژووی زاراوەکان، وەک «نقیسار»، لایەنی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی زمان (سیاسەتی زمانی)، و پێوەرە تەکنیکییەکان، وەک Impact Factor ، h-index، لەخۆ دەگرن. ئەمەش دەقەکە لە فەرهەنگێکی سادەوە بۆ دەقێکی تیۆریی بەرگری دەگۆڕێت. بەشێک لە پێناسەکان، وەک «سیاسەتی زمانی» و «پلاندانانی زمانی»، نیشان دەدەن کە نووسەر زمانی کوردی وەک ئامرازێکی بێلایەن نابینێت، بەڵکوو وەک بوارێکی ململانێ و گەشەسەندنی هزری تەماشای دەکات (سەجادی، ٢٠٢٤: ٤٤، ٤٦).

**٢,٢,٢. کەڵکەڵەی «نادیاریی مەعریفی»:** لە پێناسەی زاراوەکاندا، نووسەر بە ڕاشکاوی ئاماژە بەو کۆسپانە دەکات کە توێژەری کورد ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم زاراوانە تەنیا بۆ زانیاری نین، بەڵکوو بۆ ئەوەن کە توێژەری کورد «شوێنپێی» خۆی لە نەخشەی زانستیی جیهاندا دیاری بکات.

ئەم پێناسەی زاراوانە ڕۆڵێکی «بنەماسازی» دەگێڕن. تا ئێستا لە زۆربەی زانکۆکانی کوردستاندا، ئەم زاراوانە بە هەڵە، یان بە شێوەیەکی شێواو بەکارهاتوون. ئەم بەشە دەبێتە سەرچاوەیەک، بۆ ئەوەی توێژەران و ئەکادیمیان بە زمانێکی یەکگرتوو و ستاندارد لەسەر پرۆسەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە قسە بکەن. ئەم بەشە، سەرەڕای ئەوەی پێرستێکە لە زاراوەکان، لە ڕاستیدا «مانیفێستۆیەکی زانستی»یە، بۆ ئەوەی نووسینی ئەکادیمیی کوردی لە قۆناغی تەمومژاوی و بێسیستەمبوونەوە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی پێوانەسازی و نوانەسازی. نووسەر بە وردییەکی زانستی توانیویەتی سنووری نێوان نقیساری کوردی و لێکۆڵینەوەی کوردی دیاری بکات؛ ئەمەش کلیلێکی سەرەکییە، بۆ ئەوەی توێژەری کورد لە خەمی ئەوەدا بێت چۆن بەرهەمەکەی بخاتە ڕیزبەندییە جیهانییەکانەوە (سەجادی، ٢٠٢٤: ٤٧).

سەجادی پێی وایە کێشەکە تەنیا نەبوونی دەرفەت نییە، بەڵکوو نەبوونی ڕێسا و پێوانەی یەکگرتووە بۆ دابەشکردنی بەرهەمەکان بەسەر باش و نەباشدا. ئەم تەوەرە بانگەوازێکی زانستییە، بۆ ئەوەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و ئەکادیمییانی کورد واز لە «خەمی تاکەکەسی» بهێنن و بەرەو «بنیاتنانی دامەزراوەیی» هەنگاو بنێن؛ چونکە بەبێ دروستکردنی ژێرخانی دیجیتاڵی، نقیساری کوردی لە کێبڕکێی مەعریفیی جیهانیدا هەر بە بزرکراوی دەمێنێتەوە.

**٢. ٣.** لە بەشی دووەم، کە بە سەردێری «زمانی کوردی و هزرین لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا» دەست پێ دەکات، نووسەر لە ئاستێکی بەرزی ڕەخنەیی ئەکادیمیدا بەشێک لە گەورەترین کێشە و ناتەواوییەکانی گۆڤارە زانستییەکانی هەرێمی کوردستان هەڵدەسەنگێنێت. نووسەر، بە وردبینییەکی پسپۆڕانە لە بواری گۆڤارناسی و زانستپێوی، جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە تاڵە دەکاتەوە کە گۆڤارەکان لە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ژمارەی زۆریان (زیاتر لە ٤٥ گۆڤار)، لە ڕووی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی نوانەسازی و ئاماژەپێوی، لە ئاستێکی زۆر نزمدا هەن. کێشەی سەرەکی لێرەدا تەنیا کەمیی ئاستی زانستی نییە، بەڵکوو لاوازیی پێوەرەکانی متمانەبەخشینە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە، کە وای کردووە گۆڤارەکان زیاتر لەوەی ناوەندی بەرهەمهێنانی زانستی بن، وەک «کەشکۆڵێک» بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی ڕووکەشی و تێپەڕاندنی مەرجەکانی پلەی زانستی دەربکەون. نووسەر لە بەشێکی تری تێبینییەکانیدا، بە چاوێکی ڕەخنەیی و دڵسۆزانە پێشوازی لە دامەزراندنی پلاتفۆرمی گۆڤارە زانستییەکانی کوردستان دەکات؛ بەڵام ئەوەی بە خاڵی دەستپێک دەزانێت، نەک دوا وێستگەی چاکسازی. لە ڕوانگەی نووسەرەوە، ئەم پلاتفۆرمە تەنیا ئەوکات دەبێتە خزمەت بە زانست کە بتوانێت گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە چەند ئاستێکدا ئەنجام بدات (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٣٤).

**٢. ٣. ١. ڕیزبەندیی گۆڤارەکان:** پۆلێنکردنی گۆڤارەکان بەپێی ئاستی زانستی و دەرهێنانی گۆڤارە لاوازەکان لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن.

**٢. ٣. ٢. توندوتۆڵکردنی مەرجەکان:** توندکردنەوەی مەرجەکانی بڵاوکردنەوە و پابەندبوون بە بنەماکانی ئەخلاقی توێژینەوەی نێودەوڵەتی.

**٢. ٣. ٣. چارەسەرکردنی کێشەی سایتەیشن:** یەکدەستکردنی سیستەمی ئاماژەدان و ڕێنووسی ئەکادیمی بۆ دەقە کوردییەکان.

**٢. ٣. ٤. ڕێکخستنەوەی پسپۆڕانە:** ڕێکخستنی گۆڤارەکان بەپێی بوار و پسپۆڕی، نەک تەنیا بەپێی ناوی زانکۆکان؛ چونکە ئەمە هەنگاوێکی چارەنووسسازە بۆ دەرچوون لە گشتێتی و هەڕەمەکیبوون (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٣٥).

بە گشتی، ئەم تێبینییانە بانگەوازێکی زانستییە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی داڕشتنی نەخشەڕێگایەکی زانستپێوەر، زمانی کوردی و توێژینەوە ئەکادیمییەکان بەرەو ستاندارده جیهانییەکان ببەن. نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە چاکسازی تەنیا بژاردەیەک نییە، بەڵکوو پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بۆ ئەوەی توێژینەوەی کوردی لە قۆناغی بێ‌کاریگەری تێپەڕێت و وەک زمانێکی زانستی، لە ناوچەکە و جیهاندا پێگەی خۆی دابمەزرێنێت.

**٢. ٤. بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی «زمانەکانی تر و پرسی نوانەسازی» ناسراوە.** نووسەر لەم بەشەدا بە قووڵاییەکی زانستی دەرگا بە ڕووی توێژەری کورددا دەکاتەوە، تا لەو ڕاستییە تێبگات کە لە دونیای ئەمڕۆدا چیتر زمانەکان بە ژمارەی لاپەڕە و قەبارەی کتێبەکان هەڵناسەنگێندرێن، بەڵکوو بە پێوەرەکانی نوانەسازی و ئاماژەپێوی هەڵدەسەنگێندرێن.

نووسەر بە جیاکردنەوەیەکی ورد و ئەکادیمی، جیاوازیی نێوان بنکەدراوەی زانیاری و ناوەندی ئاماژەپێوی ڕوون دەکاتەوە. بنکە گەورەکان، وەک Elsevier، Springer، Wiley، هەرچەندە وەک کتێبخانەی دیجیتاڵیی گەورە کار دەکەن؛ بەڵام ئەرکی ئاماژەپێوی بە مانا پسپۆڕانەکەی بەڕێوە نابەن. سەجادی جەخت لەوە دەکاتەوە کە زانست لە دونیای ئەمڕۆدا سیستەمێکی پێوانەییە و تا زمانی کوردی نەچێتە ناو ئەم سیستەمە، هەر لە دەرەوەی نەخشەی زانستیی جیهاندا دەمێنێتەوە (سەجادی، ٢٠٢٤: ٨٦). نووسەر لە بەشێکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، بە شێوازێکی بەراوردکاریی ڕەخنەیی، باس لە قەیرانی پەنگخواردوویی زمانی کوردی دەکات. ئەو بەراوردە تاڵەی نێوان زمانی تورکی و کوردی، دەرخەری ئەوەیە کە چۆن سیاسەتی زانستیی دەوڵەتێکی وەک تورکیا، لە ماوەی چەند دەیەیەکدا، توانیویەتی زمانی تورکی بکاتە خاوەنی یەکەم پێگەی زانستی لە ڕۆژئاوای ئاسیا؛ لە کاتێکدا زمانی کوردی، سەرەڕای مێژوویەکی دەوڵەمەند و بوونی سامانێکی گەورەی وێژەیی، بەهۆی نەبوونی ژێرخانی دیجیتاڵ و نەبوونی ناوەندێکی نوانەسازیی نیشتمانی، لە بازنەیەکی داخراودا ماوەتەوە. ئەم پەنگخواردوویییە، لای سەجادی، تەنیا کێشەی نەبوونی توانای نووسین نییە، بەڵکوو کێشەی نەبوونی «ئیرادەی پێوانەکردن»ـە. ئەو بە گومانەوە لەم دۆخە دەڕوانێت و پرسیاری ئەوە دەکات کە ئاخۆ ئەمە دەرئەنجامی بێئاگاییی ڕووناکبیرانەیە، یان بێپلانیی سیاسەتوانان، یان بە ڕاستی چارەنووسێکی چەسپاوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە ڕەخنەی نووسەردا بەدی دەکرێت؛ چونکە پێی وایە کاتێک نەتەوەکانی دراوسێ «زمانی خۆیان» دەکەنە پڕۆژەی زانستیی نەتەوەیی، ئێمە هێشتا سەرقاڵی ئەو بابەتە کۆنانەین کە ئایا دەبێت بە چی بنووسین.

لە بەشێکی تردا، نموونەی سەرکەوتنی زمانی عەرەبی لە ڕێگەی پڕۆژەی (ARCI) وەک بەڵگەیەک بۆ ئەوە دەخاتەڕوو. کاتێک دەوڵەتی میسر، بە پاڵپشتیی دارایی و بەکارهێنانی توانای کۆمپانیای کلاریڤەیت، بنکەدراوەیەکی تایبەتی بۆ گۆڤارە عەرەبییەکان دادەمەزرێنێت، زمانی عەرەبی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بازێکی گەورە دەدات و دەبێتە خاوەنی پێگەیەکی زانستیی سەربەخۆ. ئەمە وانەیەکی گەورەیە بۆ ئێمە؛ چونکە دەریدەخات کە هەر زمانێک دەیەوێت بمێنێتەوە، دەبێت ژێرخانی نوانەسازی هەبێت. ئەوەی زمانی عەرەبی بەدەستی هێناوە، ئەنجامی یەکگرتنی سیاسەتی دەوڵەت و پسپۆڕیی زانستییە (سەجادی، ٢٠٢٤: ٨٩، ٩١). سەجادی وەک تیشکێک لە ناو ئەو تاریکییەدا، ئاماژە بە سەرکەوتنی گۆڤاری «پژوهشنامەی ادبیات کُردی» لە ناوەندی (ISC) دەکات (سەجادی، ٢٠٢٤: ٩١).

ئەم ڕووداوە نیشانەی ئەوەیە زمانی کوردی نەزۆک نییە، بەڵکوو کێشەکە لە نەبوونی متمانەی زانستی و پێوەرە ستانداردەکاندایە. ئەم سەرکەوتنە بەشێکی بچووکە لە ڕێگەیەک کە دەبێت زۆر بەرفراوانتر بکرێت. نووسەر پەیامێکی ڕوونی هەیە: گۆڕینی دۆخی زمانی کوردی لە بێنازیی زانستی بۆ بەرهەمهێنانی کاریگەر، پێویستی بەوەیە کە لە ئاستی حکوومەت و زانکۆکاندا پڕۆژەی نوانەسازیی نیشتمانی دابمەزرێندرێت و چیتر زانست وەک دەستکەوتێکی کاتی، یان هەڕەمەکی نەبینرێت، بەڵکوو وەک سیستەمێک سەیر بکرێت کە مانەوەی زمان و گەشەکردنی لە دونیای جیهانگیریدا مسۆگەر دەکات. ئەم بەشەی کتێبەکە نەخشەڕێگایەکە بۆ توێژەران و ئەکادیمییانی کورد، تا لە خەیاڵی ئەدەبیی ڕووت بێنە دەرەوە و ڕوو بکەنە بنیاتنانی ژێرخانێکی دیجیتاڵ کە بتوانێت ڕکابەری لەگەڵ زمانەکانی تر بکات.

٢. ٥. **بەشی چوارەمی ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی «نووسینی ئەکادیمیکی کوردی»، دەست پێ دەکات.** لەم بەشەدا، نووسەر بە وردبوونەوە لە پرسی نووسینی ئەکادیمیکی کوردی و ئاستەنگەکانی بەردەم توێژەری کورد، ڕەخنەیەکی سیستەماتیک لە کەمیی ژێرخانی دیجیتاڵ و نەبوونی کتێبخانەی ئەلکترۆنیی گشتگیر دەگرێت. نووسەر سەرەتا بەراوردێک لە نێوان دۆخی

ئێستای کوردستان و ئەزموونی وڵاتانی دراوسێدا دەکات؛ لە ئێران «مەگیران» و لە تورکیا «دەرگیپارک» وەک نموونەی دیار و سەرکەوتوو دەخاتەڕوو کە توانیویانە مەکۆیەک بۆ کۆکردنەوەی گۆڤار، توێژەر و ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە دروست بکەن (سەجادی، ٢٠٢٤: ٩٥). ئەوەی جێگەی سەرنجە و نووسەر بە وردی لەسەری دەوەستێت، ئەوەیە کە ئەم نموونانە تەنیا «وێستگەی کۆکردنەوەی زانیاری»ن و نابێت بە «ناوەندی نوانەسازی و ئاماژەپێوی» تێکەڵ بکرێن. لە وڵاتانی دراوسێدا، ئەم پێگانە تەنیا سەرەتای کارن و لە پشت ئەوانەوە دامەزراوە گەورە حکوومی و ئەکادیمیک هەن کە ئەرکی ئاماژەپێوی و ڕیزبەندیی زانستی بەڕێوە دەبەن؛ بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا، ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە تەنانەت ئەو «سەرەتایە»ش وەک دامەزراوەیەکی فەرمیی وەزاری دروست بکەین. نووسەر بە ڕاشکاوی دەکەوێتە ڕەخنەگرتن لە عەقڵییەتی مامناوەند و دیدگای لاوازی بەرپرسانی دامەزراوە زانستی و فەرهەنگییەکانی هەرێم. پرسیاری ئەوە دەکات کە بۆچی وەزارەتەکانی فەرهەنگ و خوێندنی باڵا هیچ هەنگاوێکی کردەییان بۆ دروستکردنی مەکۆیەکی فەرمی و بڕواپێکراو نەناوە کە بەرهەمە زانستی و توێژینەوەییە کوردییەکان لەخۆ بگرێت؟ لە ڕوانگەی سەجادییەوە، ئەم کەمتەرخەمییە پەیوەندی بە نەبوونی دەوڵەتەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندی بە نەبوونی پلانی ستراتیژی و ڕوانگەی زانستییەوە هەیە. لە کاتێکدا دونیا بەرەو دیجیتاڵکردنی تەواوەتیی سەرچاوەکان دەچێت، توێژەری کوردیی‌نووس هێشتا ناچارە بەدوای سەرچاوەی پەرتەوازە و نارێکخراودا بگەڕێت. ئەم بابەتە بەربەستێکی گەورەیە لە بەردەم گەشەی زانستیی زمانەکەدا.

سەجادی لەم بەشەدا بە ڕێزەوە باسی هەوڵە تاکەکەسی و مەدەنییەکانی، وەک ناوەندی ڤەژین، بنکەی ژین، ئەنستیتۆتی کورد لە پاریس و توێژینگەی کوردستانناسی دەکات. سەرەڕای دەستخۆشی و پێزانین بۆ دڵسۆزیی ئەم دەزگایانە، نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم کارانە ناتەواون و ناتوانن بۆشاییی «بونیادێکی گشتگیری حکوومی» پڕ بکەنەوە. هەروەها بە وردی ئەو دەزگایانە جیا دەکاتەوە کە تەنیا بڵاوکراوەکانی خۆیان پێشکەش دەکەن، یان ئەوانەی کتێبەکانیان بە شێوەی PDFداناوە، لەوانەی کە خەریکی داڕشتنی سیستەمێکی گشتگیرن. پەیامی نووسەر لێرەدا ئەوەیە کە کۆکردنەوەی کتێب هەنگاوی سەرەتاییە؛ بەڵام مەبەستی سەرەکیی نووسەر نوانەسازی، ئاماژەپێوی و متمانەپێوی بۆ نووسینەکانە (سەجادی، ٢٠٢٤: ٩٨). لە کۆتاییی ئەم بەشەدا، نووسەر دۆخەکە بە «قوتبوونەوەی ئاستەنگ» ناوزەد دەکات. لە کاتێکدا وڵاتان بە دەیان ناوەندی گەورەیان بۆ ئەم مەبەستە هەیە، ئێمەی کورد تەنانەت یەک بنکەی گشتگیری زانیاریمان بۆ نقیساری کوردی نییە. ئەمە ئاماژەیەکی مەترسیدارە؛ چونکە ئەگەر بونیادی زانستیی زمانەکەمان بەم شێوەیە پەرتەوازە و نادامەزراوەیی بمێنێتەوە، ناتوانین هیچکات بەرهەمەکانمان لە دونیای زانستیی جیهانیدا بە شێوەی شایستە بناسێنین. سەجادی بەم بەشە، ئەرکێک دەخاتە سەر شانی وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان کە پێویستە دەستبەجێ بیر لە دروستکردنی مەکۆیەکی دیجیتاڵی بکەنەوە کە تەنیا کتێبخانە نەبێت، بەڵکوو سیستەمێکی پێوانەکردنی زانستی بێت، بۆئەوەی زمانی کوردی بتوانێت لە ڕکابەریی زمانەکانی تردا خۆی ڕابگرێت. ئەم بەرهەمە پڕە لە ڕەخنەی توند و ڕاشکاو سەبارەت بە «بێ‌بنیاتیی زانستیی» کورد و دابڕانی لە ڕەوتی نوانەسازیی جیهانی. نووسەر لەم بەشەدا پرسی «نقیساری کوردی» لە چوارچێوەی بەراوردکارییەکی جوگرافی و سیاسیی بەرفراواندا دادەڕێژێتەوە (سەجادی، ٢٠٢٤: ٩٦).

**٢. ٥. ١. خاڵە سەرەکییەکانی ئەم بەشە:**

**٢. ٥ .١. ١. بەراوردکاریی تورکیا و ئێران:** نووسەر بە ڕاشکاوی دەڵێت: دۆخی نوانەسازیی کوردی لە تورکیا گەلێک لە ئێران باشترە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لە تورکیا ژمارەی بڵاوکراوە، ڕۆمان و گۆڤارە ئەکادیمیکەکان بە زمانی کوردی زیاترە و لە زانکۆکاندا قۆناغەکانی خوێندنی باڵا، تا ئاستی دکتۆرا، بە زمانی کوردی هەن؛ لە کاتێکدا لە ئێران تەنیا زانکۆی کوردستان (سنە) لە قۆناغی کارناسیدا بەشی زمانی کوردی هەیە. ئەلفبێی لاتینی لە تورکیا وەک ئاسانکارییەک بۆ سایتەیشن و نوانەسازیی نێودەوڵەتی، خاڵێکی بەهێزە بۆ کورمانجی، بەڵام ئەم دەرفەتە هێشتا وەک پێویست بەکار نەهاتووە.

**٢ .٥ . ١. ٢. خەسارناسیی عەقڵییەتی کوردی:** سەجادی بە وردی لەسەر عەقڵییەتی سوژەی کورد دەوەستێت. ئەو ڕەخنە لەوە دەگرێت کە ئێمە نوێخوازی تەنیا لە «جلوبەرگ و بۆینباخ»دا دەبینین، نەک لە «هزر و زەین». نووسەر بە گێڕانەوەی ئەو وتەیە کە «جوولەکەی بەرپرسیار لە کوورەکانی مرۆڤکوژیشدا خەریکی نقیسیارییە»، دەیەوێت بە کورد بڵێت کە ئێمە تەنانەت لە کاتی ئاسوودەییشدا کەمتەرخەمین.

**٢ . ٥ . ١. ٣. ڕەخنەی توند لە ڕۆشنبیران و بەرپرسان:** نووسەر بە بێلایەنگری، ڕۆشنبیران و بەرپرسانی باشوور و ڕۆژهەڵات بەشدار لە ئەم کەمتەرخەمییە نەتەوەییە دەزانێت. بە باوەڕی ئەو، بەرپرسان، یان نەخوێندەوارن، یان بە شێوەیەکی نەریتی بیر دەکەنەوە؛ ڕۆشنبیرانیش، یان سەرقاڵی فەیسبووک و کێشە کاتییەکانن، یان خەریکی خۆنمایشکردنن، بەبێ ئەوەی تەنانەت یەک نووسینی ئەکادیمیکییان لە ژورناڵێکی متمانەپێکراودا بڵاو کردبێتەوە. سەجادی پێی وایە ئەمە پرسێکی «تاکەکەسی» نییە، بەڵکوو پرسێکی «دەزگایی و حکوومی»یە.

**٢ . ٥ . ١. ٤. داتای ترسناک:** خاڵی هەرە گرنگی ئەم بەشە ئەو ئامارەیە کە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٦ تا ٢٠١٨، لە کۆی زیاتر لە یەک ملیۆن و ١٣٨ هەزار نووسینی ئەکادیمیک لە تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا، «تەنانەت یەک دانەشیان بە زمانی کوردی نییە». ئەم داتایە وەک بەڵگەیەکی بەهێز بەکاردێت، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت زمانی کوردی لە «بازنەی زانستیی جیهان»دا بە تەواوی بێدەنگ و نەبینراوە (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٠٢).

سەجادی لەم بەشەدا بێدەنگیی زمانی کوردی لە ئامارەکانی SCImago نیشانەی ئەوە دەزانێت کە ئێمە لە «پرۆسەی بەرهەمهێنانی زانست»دا غایبین. نووسەر ئەرکی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە دەخاتە ئەستۆی وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا، پەروەردە و فەرهەنگ؛ چونکە پێی وایە بەبێ دامەزراوەی حکوومی و پلانی ستراتیژی، ئەم «گرفتە زەق و ناشیرینە» هەر بەردەوام دەبێت. پەیامی کۆتایی نووسەر بانگەوازێکی بەپەلەیە، بۆ ئەوەی چیتر کات بە فیڕۆ نەدەین و دەست بە بونیادنانی سیستەمی نوانەسازیی نیشتمانی بکەین، پێش ئەوەی زمانی کوردی لە دونیای زانستدا بۆ هەمیشە بسڕێتەوە. ئەم بەشەی کتێبەکەی سەجادی پەیامێکی زۆر ڕاشکاو و پێشەبیانە دەگەیەنێت: زمانی کوردی لە سەردەمی دیجیتاڵدا، پێش ئەوەی قوربانیی نەبوونی دەوڵەت بێت، قوربانیی پاشاگەردانیی ڕێنووس و نەبوونی بەرپرسیارێتیی تاکەکەسی و دامەزراوەییە. نووسەر دەیەوێت بە توێژەر و نووسەری کورد بڵێت کە ڕێنووس تەنیا بابەتێکی زمانی نییە، بەڵکوو «کۆدی گەڕان» (Search Query) لە دونیای دیجیتاڵدا (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٠١).

**٢. ٥. ١. ٥. پاشاگەردانی وەک کۆسپی گەڕان:** سەجادی بەوردی ئەم بابەتە بە کێشەیەکی تەکنیکییەوە دەبەستێتەوە. کاتێک ناوێکی شار وەک «ئەستەمبوڵ» بە نۆزدە شێوە دەنووسرێت؛ واتە لە دونیای ئەلکترۆنیدا ئەو شارە بوونی نییە؛ چونکە ماتۆڕی گەڕان (Search Engine) ناتوانێت ئەم هەموو جیاوازییە وەک یەک وشە بناسێتەوە. ئەمە «تیرۆرکردنی زانیارییە»

لەناو جەستەی دیجیتاڵدا. نووسەر پەیوەندییەکی مەعریفی لە نێوان شێوازی نووسینی تاک و پێکهاتەی زەینیی کورد دروست دەکات. ئەو پێی وایە پاشاگەردانی لە ڕێنووسدا، دەرخەری تێکچوونی ڕێکخستنی زەینی و نەبوونی ئیرادەی یەکگرتووە بۆ بنیاتنانی ناسنامەیەکی جێگیرە، بۆیە ڕەخنە لە ئەکادیمیاکانی کوردستان دەگرێت کە خۆیان پابەندی ڕێنووسەکەی خۆیان نابن (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٠٢).

**٢. ٥. ١. ٦. ڕێنووس وەک پێشمەرجی نوانەسازی:** نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە نوانەسازی بەبێ ڕێنووسی ستاندارد مەحاڵە. ئەگەر توێژەر لە هەر جێگایەکی دونیا بە ڕێنووسێکی ستاندارد بگەڕێت و دەقەکانمان بە دەیان شێوەی جیاواز نووسرابن، ئەوا هیچ دەقێکی کوردی لە دونیای زانستدا نابیندرێتەوە؛ ئەمە واتە بەرهەمەکانمان لەناو ئینتەرنێتدا مردوون. لەسەر ئەو بابەتە، سەجادی بە پێزانینەوە باس لە ئەزموونی ناوەندی «ڤەژین» دەکات کە سەرچاوەکانیان بە ڕێنووسی ستاندارد تایپ کردووەتەوە. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە چارەسەرەکە لە دەستی خۆماندایە، ئەگەر بمانەوێت (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٠٣).

نووسەر لەم بەشەدا بانگەوازێکی هۆشیارانە بۆ توێژەری کورد دەکات و دەڵێت: «پاشاگەردانی ڕێنووس، پاشاگەردانیی ناسنامەی زانستیی ئێمەیە»، تا نەگەینە ڕێککەوتن لەسەر ڕێنووسێکی ستاندارد، ناتوانین بەرهەمەکانمان بخەینە ناو دڵی دونیای دیجیتاڵەوە. ڕێنووس تەنیا ڕێکخستنی پیتەکان نییە، بەڵکوو مەرجی یەکەمی بوونە لە دونیای ئەلکترۆنیدا. ئەگەر بەمجۆرە بەردەوام بین، نەوەکانی داهاتوو بەهۆی نەبوونی بنەمایەکی دیجیتاڵیی ڕێکخراو، بەرهەمەکانی ئێمەیان دەست ناکەوێت، یان ئەگەر دەستیشیان بکەوێت، لەناو «لێڵیی ڕێنووس»دا ون دەبن. نووسەر دەیەوێت بڵێت: «ئەو کەسەی ڕێز لە ڕێنووس ناگرێت، ڕێز لە مێژووی خۆی لە دونیای دیجیتاڵدا ناگرێت». ئەم بەشە کە لە درێژەی ڕەخنە سیستەماتیکەکان دایە، دوو تەوەرەی گرنگ و هەستیار تێکەڵ دەکات؛ یەکەم: «پەیوەندیی نێوان زمانی ئاخاوتن و نووسین» و دووەم: «پۆلێنبەندیی توێژەرانی کورد» (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٠٣).

**٢. ٥. ١. ٧. دیاریکردنی سنووری ئاخاوتن و نووسین**

سەجادی پێی وایە کێشەیەکی گەورەی نقیساری کوردی، تێکەڵکردنی «زمانی قسەکردن» و «زمانی نووسین»ـە. ئەو بە ڕاشکاوی دەڵێت کە لە زمانە پێشکەوتووەکاندا، نووسین پێویستە خاوەنی تایبەتمەندی و ڕێسای خۆی بێت، نەک وێنەیەکی دەقاودەقی قسەکردنی ڕۆژانە بێت (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٠٤).

**٢. ٥. ١. ٨. کۆسپەکانی فەرزکردنی ئاخاوتن:** نووسەر بە نموونەی «نووسینی ناوی کەسەکان» و زیادکردنی «ی» (وەک: بەختیاری سەجادی لەبری بەختیار سەجادی)، دەیسەلمێنێت چۆن عەقڵییەتی نەریتی و جڤاتی بچووک، کاریگەریی لەسەر نووسینی ئەکادیمیک داناوە. سەجادی پێمان دەڵێت: کاتێک شارستانییەتەکان لە نووسیندا زیاتر بایەخ بە ئاخاوتن دەدەن، لە حەقیقەتی زانستی دوور دەکەونەوە. ئەو فەرزکردنەی ئاخاوتن بەسەر نووسیندا لە دەقی کوردیدا، ڕێگرێکی سەرەکییە لە گەشەی نووسینی ئەکادیمیکی کوردی و وای کردووە زۆرێک لە دەقەکانمان لە ئاستی ستاندارد بمێننەوە (سەجادی: ٢٠٢٤، ١٠٥، ١٠٦).

**٢ .٥ .١ .٩. سێ پۆلی توێژەرانی کورد**

سەجادی توێژەرانی کورد بەپێی شێوازی کارکردنیان بەسەر سێ پۆلی جیاوازدا دابەش دەکات:

**٢ . ٥ . ١ . ٩ . ١. پۆلی یەکەم (توێژەرانی کوردینەنووس):** ئەمانە بەهێزترین کەسن لە مێتۆدۆلۆژی و زانستدا، بەڵام بە ئینگلیزی، یان زمانەکانی تر دەنووسن. خاڵی بەهێزیان ئامادەبوونیانە لە ناوەندە جیهانییەکان وەک «گوگڵ سکۆڵەر»، بەڵام خاڵی لاوازیان ئەوەیە کە بەرهەمی کوردییان نییە و ناتوانن زمانی کوردی بە زانستەوە گرێ بدەن.

**٢ . ٥ . ١ . ٩ . ٢. پۆلی دووەم (توێژەرانی کوردینووس):** ئەمانە چالاکن، بەڵام لە ژینگەیەکی نانوانەکراو (Non-indexed) کار دەکەن. کێشەی سەرەکییان نەبوونی مێتۆدۆلۆژی و پەیڕەونەکردنی ستانداردە نێودەوڵەتییەکانە. نووسەر ڕەخنەیان لێ دەگرێت کە زیاتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن، نەک لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمیک.

**٢ .١,٥ .٩ . ٣. پۆلی سێیەم (کەمینەی نوخبە):** ئەم پۆلە بریتییە لەو توێژەرانەی کە هاوسەنگییان ڕاگرتووە؛ لە لایەک بە کوردی دەنووسن و ڕەچاوی مێتۆدۆلۆژیی جیهانی دەکەن، لە لایەکی تریش بەرهەمیان لە ناوەندە باوەڕپێکراوەکاندا بڵاو دەبێتەوە. نووسەر ئەم پۆلە بە «نوێنەری ڕاستەقینە» دەزانێت؛ بەڵام ژمارەیان زۆر کەمە (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٠٧–١٠٩).

**٢ . ٥ . ١ . ١٠. ئەرکی قورسی توێژەری کورد**

سەجادی لە کۆتاییدا پەیامێکی ستراتیژی بۆ توێژەرانی ڕۆشنبیر دادەڕێژێت. ئەرکی توێژەری کورد لەمڕۆدا «دوانەییە»:

**٢ . ٥ . ١ . ١٠ . ١. بەرهەمهێنانی زانستی بە کوردی:** بۆ ئەوەی زمانەکەمان لە ئاستی فیکریدا زیندوو بێتەوە، دەبێت ڕەچاوی مێتۆدۆلۆژی بکات.

**٢ . ٥ . ١ . ١٠ . ٢. بەرهەمهێنانی زانستی بە ئینگلیزی:** بۆ ئەوەی بابەتە کوردییەکان (مێژوو، وێژە و چاند) لە نەخشەی زانستیی جیهاندا جێگەیان بۆ بکرێتەوە (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٠٩).

بەگشتی، سەجادی دەیەوێت بەو پۆلێنبەندییە بڵێت: «نووسینی کوردی بەبێ مێتۆدۆلۆژی، تەنیا ئاخاوتنێکی ڕیزکراوە لەسەر لاپەڕە». تا توێژەری کورد نەتوانێت ئەم دوو جەمسەرە (کوردی و نێودەوڵەتی) بەیەکەوە گرێ بدات، هەمیشە لە بازنەی پەنگخواردوویی و نەبوونی کاریگەریی زانستیدا دەمێنێتەوە. ئەم بەشە بە وردییەکی زانستییانە «نەخۆشنامە»ی گۆڤارە کوردییەکان دەنووسێتەوە و نووسەر لێرەدا نەخشەڕێگەیەکی چارەسەرخوازی بۆ بونیادنانی سیستەمێکی ئەکادیمیکی مۆدێرن پێشکەش دەکات.

**٢ . ٥ . ١ . ١١. جیاوازیی گۆڤاری زانستی و گۆڤاری ئەکادیمیک**

نووسەر بە وردی سنوورێک لە نێوان گۆڤاری زانستی و ئەدەبی ـ کە پاشخانێکی مێژوویی و ڕۆشنبیریی دەوڵەمەندی هەیە ـ و «گۆڤاری ئەکادیمیک» ـ کە پێویستی بە مێتۆدۆلۆژی و سیستەمی زانستییە ـ دادەنێت (سەجادی، ٢٠٢٤: ١١٣). بە بڕوای ئەو، گۆڤارە کوردییەکان، سەرەڕای کاریگەرییان لەسەر گەشەپێدانی زمانی کوردی، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بوونەتە هۆی شێواندنی واتای توێژینەوە؛ چونکە زۆربەی ئەو نووسینانەی تێیاندا بڵاو دەبنەوە، مەرجەکانی توێژینەوەی زانستییان تێدا نییە. نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ژمارەی گۆڤارە ئەکادیمیکەکان لە باشووری کوردستان (زیاتر لە ٤٥ گۆڤار) زۆرە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە هیچ کام لە بنکەدراوە نێودەوڵەتییەکاندا تۆمار نەکراون؛ واتە بەرهەمەکانمان لە دونیای زانستدا غایبن (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٣٢).

**نەخشەڕێگەی سەجادی بۆ چارەسەر**

نووسەر پێشنیار دەکات ئەم دۆخە تەنیا بە چەند هەنگاوێکی کردەیی چارەسەر دەبێت:

١. **ستراتیژیی دیجیتاڵ:** دامەزراندنی ماڵپەڕێکی کارا، بەکارهێنانی سیستەمی سابمیشنی توێژینەوە و وەرگرتنی ناسنامە و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانDOI ، ORCID، ISSN (سەجادی، ٢٠٢٤: ١١٩).

٢. **بەئەخلاقییکردنی توێژینەوە:** پابەندبوون بە بنەماکانی COPE و پڕکردنەوەی فۆرمی لێکدژیی بەرژەوەندی (سەجادی، ٢٠٢٤: ١١٨).

**٢ . ٥. ١. ١٢. تەرکیز لەسەر پسپۆڕی:** گۆڤارەکان پێویستە لە هەمەڕەنگی و جۆراوجۆری دەست هەڵبگرن و ببنە گۆڤاری تایبەتمەند. پەیامی سەجادی لێرەدا زۆر ڕاشکاوە؛ گۆڤاری ئەکادیمیکی کوردی کاتێک سەرکەوتوو دەبێت کە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری جیابێتەوە. ئەو گۆڤارانەی ئێستا لە کوردستان بڵاو دەبنەوە، زۆربەیان گۆڤاری ئەدەبین کە تەنیا ناوێکی زانستییان لێ نراوە. نووسەر داوا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکات کە بنکەدراوەیەکی ناوخۆیی دابمەزرێنن، یان سیستەمێکی نیشتمانی بۆ نوانەسازی سەرجەم گۆڤارە کوردییەکان دابنێن. بەکورتی، نووسەر دەیەوێت بڵێت: زانست بە ئیرادە و دڵسۆزی بەدی دێت؛ بەڵام بەبێ سیستەم و مێتۆدۆلۆژی، زانست تەنیا وەک ئایدیۆلۆژییەکی نوێ دەمێنێتەوە. سەجادی هۆشداری دەدات کە ئەگەر گۆڤارە کوردییەکان نەچنە ڕیزی ئەو ژورناڵانەی کە لە بنکە زانیارییە متمانەپێکراوەکاندا نوانەسازی کراون، ئەوا هەوڵەکانی ئێمە هەرگیز لە سنووری «خۆمان بۆ خۆمان» تێپەڕ نابێت. سەجادی بە ڕاشکاوی جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆی چین و توێژەکانی کورد، لە ڕۆشنبیر و مامۆستای زانکۆوە بگرە تا بەرپرس و نووسەر، لە تاقیکردنەوەی نوانەسازی شکستیان هێناوە. نەبوونی تەنانەت یەک گۆڤاری کوردی لە پێگە جیهانییەکان، وەک Scopusو Web of Science، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ دابڕانی ئێمە لە ڕەوتی زانستیی جیهانی.

**٢ . ٥. ١. ١٣. دانپێدانان بە تاوانباریی خۆمان:** نووسەر بە گۆڕینی ئاراستەی ڕەخنەکان، ئاماژە بەوە دەکات کە نابێت داگیرکاریی وڵاتانی دراوسێ ببێتە پاساو بۆ کەمتەرخەمی. هەرچەندە ئەوان ڕێگرن لە گەشەی زمانی کوردی، بەڵام «تاوانباری سەرەکی» خۆمانین؛ چونکە نەک هەر هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە نادەین، بەڵکوو تەنانەت لە ئاستی گفتوگۆشدا باسی ناکەین (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٢١).

**٢ . ٥. ١. ١٤. خۆگێلکردنی نوخبە:** نووسەر بە توندی ڕەخنە لە توێژی «نووسەر» و «مامۆستای زانکۆ» دەگرێت. ئەو پێی وایە زۆربەی ئەو کەسانەی بە ڕۆشنبیر ناسراون، بەهۆی ئەوەی بەرهەمەکانیان لە دەرەوەی ستانداردە ئەکادیمیکەکانە، حەز ناکەن کەس گەمەکەیان لێ تێک بدات. ئەوان لە فەیسبووک و گۆڤارە بێستانداردەکاندا دەژین و بێئاگان لەو ڕاستییەی کە «نووسین بەبێ نوانەسازی»، هاوتای نەبوونی نووسینە (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٠٨).

**٢ . ٥. ١. ١٥. خشتەی خەجاڵەتی:** ئاماژەکردن بە پێگەی وڵاتە بچووک و دوورەدەستەکان لە ڕیزبەندیی «سایماگۆ»، لێدانێکی دەروونیی بەهێزە بۆ سوژەی کورد. نووسەر دەیەوێت بسەلمێنێت کە کێشەکە «ژمارەی دانیشتووان» و «سەربەخۆیی سیاسی» نییە، بەڵکوو «ئیرادەی زانستی»یە. کاتێک وڵاتێک بە حەشیمەتێکی کەمەوە لەو ڕیزبەندییەدا هەیە و کوردستان، بەو هەموو مێژوو، جوگرافیا و دانیشتووانەوە، تەنانەت بوونیشی نییە، ئەمە مانای غیابی تەواوی بوونی لە مێژووی زانستیی هاوچەرخدایە. سەجادی لەم بەشەدا پەیامێکی یەکلاکەرەوە دەدات: «نوانەسازی بەهێزترین چەکی مانەوەی نەتەوەیەکە لە سەردەمی زانیاریدا». سەجادی وەک ئەکتەرێکی چالاک و خەمخۆر، دەیەوێت خوێنەری کورد لە خەوی «خۆبەزلزانیی

ڕۆشنبیرانە» بەئاگا بهێنێتەوە. کاتێک دەڵێت: «کەس خۆی لە قەرەی نادات»، مەبەستی ئەوەیە کاری ئەکادیمیک زەحمەتە و نوخبەی ئێمە، لە نووسینی ئاسان و خۆنمایشکردندا، زیاتر هەنگاو دەنێن. پەیامەکە کۆتاییەکی تاڵی هەیە: «ئێمە تەنانەت لە خوارووی ڕیزبەندییەکەشدا نین؛ ئێمە هەر بوونمان نییە». ئەم ڕستەیە وەک بانگەوازێک، هەر توێژەر و نووسەرێکی کورد هان دەدات هەست بە بەرپرسیارێتییەکی قورس بکات. لە دیدی سەجادی، نوانەسازی تەنیا ژمارە و داتایەک نییە، بەڵکوو «سەلماندنی مافی بوون»ە لە دونیای مۆدێرندا (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٢٢).

**٢ . ٦ . بەشی پێنجەمی ئەم بەرهەمە**، بە شێوازێکی چڕ و ڕەخنەییانە، تیشک دەخاتە سەر یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی هزری ئەکادیمیی کوردی؛ ئەویش قەیرانی ئامادەبوونی زانستی لە جیهانی دیجیتاڵدا. سەجادی لەم بەشەدا بە ڕاشکاوی ئەو دۆخە پارادۆکسە شیدەکاتەوە کە تێیدا نووسەری کورد لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکە، بەڵام لە کایەی توێژینەوەی زانستیدا کەمئامادەیە. نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوەو، بوونی نووسین لە فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییە گشتییەکاندا، هەرگیز جێگرەوەی بوونی توێژینەوە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی نوانەسازی و ئاماژەپێوی، وەک گوگڵ سکۆڵەر و مێندێلی، نابێت.

لەم بەشەدا، ڕەخنەی سەرەکی ئاراستەی ئەو کەسانە دەکرێت کە خۆیان بە ڕۆشنبیر و مامۆستای زانکۆ دەزانن؛ بەڵام هیچ ئامادەبوونێکیان لە مەکۆ زانستییە جیهانییەکاندا نییە و تەنیا بە بڵاوکردنەوەی پۆستە کورتخایەنەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دڵخۆشن. لە ڕوانگەی نووسەرەوە، ئەمە تەنیا کێشەی تاکەکەس نییە، بەڵکوو قەیرانی نەبوونی عەقڵییەتی دامەزراوەییە لە وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و فەرهەنگدا؛ ئەو وەزارەتانەی هێشتا نەیانتوانیوە پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵیی ستاندارد بۆ ئەرشیفکردن و پۆلێنکردنی نقیساری کوردی دابین بکەن (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٢٣-١٢٦)

**٢ .٦ .١. ڕانانی دۆخی گۆڤارە زانستییەکان و پێویستیی چاکسازیی دامەزراوەیی**

ئەم دەقە لە ئاستێکی ڕەخنەییی بەرزی ئەکادیمیدا، بەشێک لە گەورەترین کێشە و کەموکوورییەکانی گۆڤارە زانستییەکانی هەرێمی کوردستان هەڵدەسەنگێنێت. نووسەر بە وردبینییەکی پسپۆڕانە لە بوارەکانی «گۆڤارناسی» و «زانستپێوی»، جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە تاڵە دەکاتەوە کە گۆڤارەکان لە هەرێمدا، سەرەڕای ژمارەی زۆریان (زیاتر لە ٤٥ گۆڤار)، لە ڕووی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی نوانەسازی و ئاماژەپێوی، لە ئاستێکی زۆر نزمدا هەن. کێشەی سەرەکی لێرەدا تەنیا کەمیی ئاستی زانستی نییە، بەڵکوو قەیرانی نەبوونی عەقڵییەتی دامەزراوەیی و «لاوازیی پێوەرەکانی متمانەبەخشین»ە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە، کە وای کردووە گۆڤارەکان زیاتر لەوەی ناوەندی بەرهەمهێنانی زانستی بن، وەک «کەشکۆڵ»ێک بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی لاواز و تێپەڕاندنی مەرجەکانی پلەی زانستی دەربکەون. نووسەر لە بەشێکی تری تێبینییەکانیدا، بە چاوێکی ڕەخنەیی و دڵسۆزانە، پێشوازی لە دامەزراندنی «پلاتفۆرمی گۆڤارە زانستییەکانی کوردستان» دەکات؛ بەڵام نە وەک خاڵی دەستپێک و نە وەک دوا وێستگە، لە قەڵەمی نادات (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٣٠). لە ڕوانگەی نووسەرەوە، ئەم پلاتفۆرمە تەنیا ئەوکات دەبێتە خزمەت بە زانست کە بتوانێت گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە چەند ئاستدا ئەنجام بدات:

١. ڕیزبەندیی گۆڤارەکان بەپێی ئاستی زانستی و دەرهێنانی گۆڤارە لاوازەکان لە پرۆسەکە.

٢. توندوتۆڵکردنی مەرجەکانی بڵاوکردنەوە و پابەندبوون بە ئەخلاقی توێژینەوەی جیهانی.

٣. چارەسەرکردنی کێشەی «سایتەیشن» و یەکدەستکردنی سیستەمی ئاماژەدان و ڕێنووسی ئەکادیمی بۆ دەقی کوردی.

٤. ڕێکخستنەوەی گۆڤارەکان بەپێی بوار و پسپۆڕی، نەک بەپێی ناوی زانکۆکان؛ کە ئەمەش هەنگاوێکی چارەنووسسازە بۆ دەرچوون لە گشتێتی و هەڕەمەکیبوون (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٣٦).

بەگشتی، ئەم تێبینییانەی نووسەر بانگەوازێکی زانستیی ڕاشکاون، بۆ ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لە ڕێگەی داڕشتنی نەخشەڕێگایەکی زانستپێوەر، زمانی کوردی و توێژینەوە ئەکادیمییەکان بەرەو ستانداردە جیهانییەکان بەرن. نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە چاکسازی نەک تەنیا بژاردە نییە، بەڵکوو پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بۆ ئەوەی توێژینەوەی کوردی لە قۆناغی «بێکاریگەری»یەوە تێپەڕێت و وەک زمانێکی زانستی لە ناوچەکە و دونیادا پێگەی خۆی دابمەزرێنێت. ئەم توێژینەوەیە، سەرەڕای ڕەخنە توندەکانی، دیدگایەکی دروستکەر و پێشنیازکار بۆ گەشەپێدانی کایەی ئەکادیمیی کوردستان پێشکەش دەکات.

**٢ .٧ . گۆڕانکاریی پارادیگماتیک: لە کایەی گشتییەوە بەرەو پسپۆڕیی زانستی**

لە بەشی شەشەمدا، نووسەر کۆی ئەو ڕەخنە و پێشنیازە پێشووانە لە چوارچێوەی گۆڕانکاریی پارادیگماتیکدا کۆ دەکاتەوە و پێی وایە کێشەی توێژینەوەی کوردی تەنیا لە کەمیی سەرچاوە، یان لاوازیی زمانی نووسیندا نییە، بەڵکوو کێشەیەکی بنەڕەتیی پارادایمییە. توێژەرانی کورد هێشتا بە عەقڵییەتی نیوەسەدەی پێشوو بیر دەکەنەوە، لە کاتێکدا جیهانی ئەکادیمیی ئەمڕۆ خاوەن مێکانیزم و ستانداردی جیاوازە. نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی دەقە زانستییە کوردییەکان، کاتێک وەردەگێڕدرێنە سەر زمانێکی جیهانی وەک ئینگلیزی، ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند دەبنەوە و بە نیوەی قەبارەکەیان دەمێننەوە؛ ئەمەش نیشاندەری ساکارسازی و گشتییێژیی ئەو نووسینانەیە کە لە دونیای ئەکادیمیی مۆدێرندا جێگەیان نابێتەوە (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٤٠).

**٢ .٧ .١. نەشتەرگەرییە گەورەکە: کۆتاییهێنان بە سەردەمی «کەشکۆڵ»**

ناوەڕۆکی سەرەکی و بوێرانەی ئەم بەشە، پێشنیاری نەشتەرگەرییەکی گەورەیە بۆ گۆڤارە زانستییەکانی هەرێم. نووسەر بە ڕاشکاوی ڕای دەگەیەنێت ئەو گۆڤارانەی بە ناوی گۆڤاری زانکۆیی، یان گۆڤاری کۆلێژی بڵاو دەبنەوە و هەمەجۆر بابەت لەخۆ دەگرن، لە چوارچێوەی ئەکادیمیای ئەمڕۆدا بە «کەشکۆڵ» ناودەبرێن و هیچ ناوەندێکی نوانەسازیی جیهانی متمانەیان پێ ناکات (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٤١).

**پێشنیاری سەجادی بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا بریتییە لەم هەنگاوانە:**

**٢ .٧ .١ .١. پۆلێنکردنی بابەتەکی:** سەرجەم گۆڤارەکان پێویستە لەسەر بنەمای «بواری زانستی» ڕێک بخرێنەوە، نەک بەپێی ناوی زانکۆ و کۆلێژ.

**٢ .٧ .١ .٢. تایبەتمەندێتی:** هەر گۆڤارێک دەبێت تەنیا تایبەت بە لقێک، یان بوارێکی زانستیی دیاریکراو بێت.

**٢ .٧ .١ .٣. داڕشتنی پەیڕەوی نوێ:** نووسەر جەخت دەکاتەوە کە ئەم کارە ئەستەم و درێژخایەنە؛ بەڵام بۆ ئەوەی زمانی کوردی وەک زمانی زانست لە دونیادا بناسرێت، بژاردەیەکی تر لەبەردەمدا نییە (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٤٢).

نووسەر لەم بەشەدا تەنیا ڕەخنەگر نییە، بەڵکوو وەک «ئەندازیاری کایەی ئەکادیمی» ڕەفتار دەکات. ئەو پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەنجامدانی ئەم چاکسازییانە پێویستی بە بڕیاری سیاسی، زانایی و بوێریی بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە. بە بۆچوونی نووسەر مەرجی سەرەتایی، بۆ ئەوەی توێژینەوەی کوردی لە ئاستی «سفر»ی نێودەوڵەتییەوە بێتە دەر، ئەوەیە توێژەر و نووسەران واز لە ساکارسازی بهێنن و خۆیان بە دەستی نقیساری زانستی بسپێرن. ئەم بەشەی کتێبەکە بانگەوازێکی کۆتایی و یەکلاکەرەوەیە. پەیامی سەجادی ڕوونە: یان دەبێت «نەشتەرگەریی گەورە» لە سیستەمی توێژینەوەدا

بکرێت و گۆڤارەکان لە قاڵبی گشتیبوونەوە بەرەو پسپۆڕێتی ببرێن، یان دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بین کە کایەی ئەکادیمیی کورد هەر بە پەراوێزکەوتوویی و کڵۆڵی لە کێبڕکێی زانستیی جیهانیدا بمێنێتەوە.

**٢ .٧ .٢. ڕانانی فۆرم و چالاکییە ئەکادیمیکەکان: لە «کتێبی بەرهەڤکارانە»وە تا «کۆنفرانس»**

لە بەشێکی تردا، نووسەر ڕەخنەیەکی زانستی ئاراستەی دۆخی ئێستای نووسینی ئەکادیمیک لە کوردستان دەکات. ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نووسینی ئەکادیمیک تەنیا لە وتار و کتێبی توێژینەوەییدا کورت نابێتەوە، بەڵکوو فۆرم و شێوازەکانی تریش، وەک «کتێبی بەرهەڤکارانە» لەخۆدەگرێت. ئەم فۆرمە لە دونیای ئەکادیمیکدا بایەخێکی زۆری هەیە؛ بەڵام لە نووسینی کوردیدا هێشتا وەک پێویست نەناسراوە. هاوکات، نووسەر نیگەرانیی خۆی لە نەبوونی هاوواتایەکی یەکگرتوو بۆ چەمکەکانی وەک (Reader)، (Companion) و (Guide) دەردەبڕێت و پێشنیار دەکات وشەی «ڕێنوێن» وەک بژاردەیەکی گونجاو بۆ (Guide) بەکاربهێنرێت؛ چونکە بە پێچەوانەی وشەی «ڕابەر»، کەمتر تێکەڵ بە مانا گشتی و نا-ئەکادیمیکەکان دەبێت (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٤٣).

لە تەوەری دووەمدا، کتێبەکە تیشک دەخاتە سەر جۆرەکانی چالاکییە ئەکادیمیکەکان، وەک: سیمینار، کۆنفرانس، سمپۆزیۆم و وۆرکشاپ. نووسەر بە پێویستی دەزانێت جیاوازیی ورد لە نێوان ئەم چەمکانەدا بکرێت؛ چونکە هەر یەکێکیان بە پێی ئاست، ڕێژەی بەشداربوون و مەبەستی توێژینەوەیی، پێناسەی تایبەتی خۆی هەیە. خاڵێکی وەرچەرخان لەم بەشەدا، ڕەخنەی توندی نووسەرە لە بەکارهێنانی هەڵەی وشەی «دیدار» لەبری «کۆنفرانس» یان «کۆڕی زانستی». نووسەر ئەمە بە «پەتایەکی گوتاری» ناودەبات و پێی وایە بەکارهێنانی «دیدار» بۆ چالاکیی ئەکادیمیک، نیشانەی دابڕانی توێژەری کوردە لە مێکانیزمە هاوچەرخەکانی بەرهەمهێنانی زانست. بە بڕوای ئەو، «دیدار» زیاتر لە میوانی و نەریتی زارەکی دەچێت، لە کاتێکدا کۆنفرانس و چالاکییە ئەکاییمیکەکان پێویستیان بە لیژنەی زانستی، هەڵسەنگاندنی پێشوەختە و دەقی نووسراو هەیە. لە کۆتاییدا، نووسەر داوا لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەکات پێوەرێکی ئەکادیمیک بۆ ئەم چالاکییانە دابنێن، بۆ ئەوەی لە بازنەی نەستالۆژیا و چالاکییە ساکارەکان دەرباز بین و بە ئاراستەی پەرەپێدانی زانستی هەنگاو بنێین (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٤٦).

**٢ .٧ .٣. شۆڕشی پارادیگماتیک لە هەڵسەنگاندن و بڵاوکردنەوەدا**

نووسەر پێی وایە کێشەی بنەڕەتیی بڵاوکردنەوەی کوردی، پەیڕەوکردنی نەریتێکی کۆن و نەخوازراوە کە زیاتر لە وڵاتانی ناوچەکەوە وەرگیراوە. بە بڕوای ئەو، چاکسازیی ڕیشەیی لەوەدایە کە لە «چاپدانی خێرا» بۆ «هەڵسەنگاندنی زانستیی پێش بڵاوکردنەوە» بگوازرێتەوە. ئەم هەنگاوە وەک پرۆسەیەکی زانستیی بێلایەن دەبینرێت، نەک سانسۆر؛ چونکە تێیدا هەڵسەنگاندنی «نەناسراو و نادیار» (Blind Review) لەلایەن پسپۆڕانەوە، مەرجی سەرەکیی متمانەپێبوونی بەرهەمە. نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەبێ ڕەچاوکردنی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان، بەرهەمی کوردی لە جیهانی زانستدا وەک «دوورگەیەکی دابڕاو» دەمێنێتەوە (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٤٩).

**٧ .٢ .٤. ڕیزبەندیی گۆڤارەکان و قەیرانی ئاماژەپێوی**

لە تەوەرێکی دیکەدا، سەجادی ئاماژە بە یەکێک لە گەورەترین کەموکووڕییەکانی ژینگەی گۆڤارە زانستییەکانی باشووری کوردستان دەکات؛ ئەویش نەبوونی سیستەمێکی ڕیزبەندیی بۆ گۆڤارە زانکۆییەکانە. نووسەر داوا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەکات بە خێرایی دەست بە پۆلێنکردنی گۆڤارەکان بکات و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، وەک ئاماژەپێوی و نوانەسازی لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان وەک(ISC) ، بە بنەمای هەڵسەنگاندنیان بگرێت. هەروەها ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی

ئەو مەرجە ساکار و لاوازانە دەکات کە ئێستا بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان هەن؛ چونکە وایان کردووە ژینگەی گۆڤارەکان بێ ڕکابەری و بێ هاندان بمێنێتەوە و گۆڤارەکان تووشی «مەرگی ئەکادیمیک» بین.

**٢ . ٧ . ٥. تەکنەلۆژیا و یەکخستنی ژینگەی ئەلکترۆنی**

نووسەر پێشنیاری یەکخستنی ناونیشانی ئەلکترۆنی (URL) بۆ زانکۆ و گۆڤارەکان دەکات، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یەکگرتوو و ناسراو وەک (ac.krd) دەربکەون. هەروەها تیشک دەخاتە سەر پێویستیی دامەزراندنی سیستەمێکی ئەلکترۆنی (سامانە) بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی وەرگرتن، هەڵسەنگاندن و بڵاوکردنەوەی وتارە زانستییەکان، بە جۆرێک کە پرۆسەی ناردن و هەڵسەنگاندن لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە نەمێنێت و هەر توێژینەوەیەک مێژوویەکی تایبەت بۆ خۆی هەبێت (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٥٤).

**٢ . ٧ . ٦. پێوەرە ئەخلاقییەکان و شەفافییەت**

بەشێکی گرنگی چاکسازی، لە ڕوانگەی نووسەرەوە، بریتییە لە شەفافییەتی تەواوی سیاسەتی گۆڤارەکان؛ وەک ڕێساکانی دژایەتیکردنی دزیی زانستی، ئەخلاقی توێژینەوە و شێوازی وەرگرتنی هەر جۆرە تێچوویەکی دارایی. نووسەر پێداگری دەکات کە ماڵپەڕی گۆڤارەکان دەبێت وەک ئاوێنەیەک بۆ ڕێزگرتن لە خوێنەر و توێژەر بن، نەک تەنیا شوێنێک بۆ بڵاوکردنەوەی ڕووکەشیی بەرهەمەکان. بە بڕوای سەجادی، ئەم گۆڕانکارییانە تەنیا بۆ باشترکردنی ڕیزبەندی و ژمارە نین، بەڵکوو گۆڕانکارییەکی فیکری و هەوڵێکن بۆ پاراستنی پێگەی زمانی کوردی لە ناو دونیای زانستدا. ئەگەر توێژەران و دامەزراوە ئەکادیمییەکان لەم ڕەوتە جیهانییە دوور بکەونەوە، هەرگیز نابێت چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکی زانستیی بنەڕەتی لە کوردستاندا بین (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٥٥).

**٢. ٧ . ٧. قەیرانی «نەبوون» لە نەخشەی زانستیی جیهاندا**

نووسەر زمانی کوردی، بەتایبەتی کوردیی ناوەندی، وەک زمانێکی «هەژار» لە بازنەی زانستیی جیهاندا وێنا دەکات. بە بڕوای ئەو، هۆکاری سەرەکیی ئەم دۆخە نەبوونی نوانەسازی و ئاماژەپێوییە. کاتێک بەرهەمێکی زانستی لە سیستەمە نێودەوڵەتییەکان وەک Google Scholar نوانە نەکرا بێت، لە ڕووی ئامارییەوە یەکسانە بە «سفر». ئەم دۆخە نەک تەنیا بەرهەمەکان، بەڵکوو خودی زمانی کوردیش لە ئاستی نێودەوڵەتی بێ کاریگەر دەکات.

**٢ . ٧ . ٨. هاوکۆلکەی کاریگەری و گۆشەگیریی گۆڤارە کوردییەکان**

یەکێک لە گرنگترین خاڵەکانی ئەم بەشە، ڕەخنەی توندی نووسەرە لە گۆڤارە زانکۆییەکانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان زیاتر لە ٤٥ گۆڤارە، بەڵام هیچ یەکێکیان خاوەنی هاوکۆلکەی کاریگەری نین. بە بڕوای نووسەر، ئەمە بۆ زانکۆ و توێژەرانی دەرەوەی هەرێم مانای «بەرهەمی بێبایەخ» دەگەیەنێت. لە بەرامبەردا، ئەزموونی ئێران لە ڕێگەی ناوەندی (ISC) وەک نموونەیەکی سەرکەوتوو دەهێنێتەوە و نیشان دەدات چۆن توانیویانە لە ڕێگەی نوانەسازی و ئاماژەپێوی، زمانی فارسی لە بواری زانستدا بەرز بکەنەوە (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٦٦).

**٢ . ٧ . ٩. کێشەی ئەلفبێ؛ بۆچی ئاماژەپێوی کوردی سفرە؟**

لەم بەشەدا، نووسەر خاڵێکی یەکجار گرنگ دەخاتەڕوو؛ ئەویش کێشەی ئەلفبێی کوردییە. سیستەمە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی تەنیا ئەلفبێی لاتینی دەناسێنن. لەبەر ئەوە، کورمانجی (بەهۆی لاتینینووسینەوە) تا ڕادەیەک سوودمەند بووە؛ بەڵام سۆرانی (بە ئەلفبێی عەرەبی-ئارامی) زۆرتر لەم سیستەمانە دابڕاوە. نووسەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دوو ڕێگە پێشنیار دەکات: ١. دامەزراندنی ناوەندێکی ئاماژەپێویی کوردی، بۆ ئەوەی بەرهەمە کوردییەکان بە هەردوو ئەلفبێ تۆمار

بکرێن. ٢. بەکارهێنانی «پوختەی پەرەپێدراوی ئینگلیزی»، بۆ ئەوەی ناوەندە جیهانییەکان بتوانن بەرهەمەکان تۆمار بکەن و ئاماژەپێوی بۆیان ئەژمار بکرێت (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٧٥).

**نموونەی سەرکەوتوو: «پژوهشنامە ادبیات کُردی»**

نووسەر بە وردی باس لە ئەزموونی گۆڤاری «پژوهشنامە ادبیات کُردی» دەکات و وەک نموونەیەکی سەرکەوتوو و پێشەنگ لە کایەی ئەکادیمیی کوردیدا دەیناسێنێت. ئەم گۆڤارە، وەک یەکەمین گۆڤاری کوردیی ناوەندی، توانیویەتی متمانەی ناوەندی زانستیی (ISC) بەدەست بهێنێت، خاوەنی ناسنامەی (DOI) بێت و لە ناوەندی (DOAJ) بە شێوەیەکی دیجیتاڵ نوانەسازی بکرێت (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٦٦). سەجادی ئەم گۆڤارە وەک نموونەیەکی هیوابەخش دەبینێت. لەلایەک، شانازییەکی گەورەیە بۆ ئەکادیمیای کوردی، و لەلایەکی دیکەش نیشان دەدات کە زۆربەی گۆڤارە زانستییەکانی کوردستان هێشتا لەم ڕەوتە مێژوویی و ستانداردە جیهانییانە دواکەوتوون. ئەزموونی ئەم گۆڤارە دەیسەلمێنێت کە ئەگەر مێکانیزمە زانستییەکان بە دروستی جێبەجێ بکرێن، زمانی کوردی توانای ئەوەی هەیە، شوێنی خۆی لە ڕیزبەندییە جیهانییەکاندا بکاتەوە و بەرهەمەکانی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئاماژەپێوی وەربگرن، بۆیە نووسەر ئەم گۆڤارە وەک نەخشەڕێگایەک بۆ گۆڤارەکانی دیکە پێشنیار دەکات، تا لە بازنەی داخراوی ناوخۆیی دەرباز بن و ببنە بەشێک لە کایەی ئەکادیمیی جیهانی.

**٢ . ٧. ١٠. پێشنیارە کردەییەکان بۆ گەشەسەندنی زانستیی کوردی**

نووسەر قۆناغەکانی گەشەسەندنی زمانی کوردی لە کایەی زانستیدا بەم شێوەیە ڕیز دەکات:

١. دامەزراندنی کتێبخانەی ئەلکترۆنیی توێژەران؛

٢. دامەزراندنی بنکەدراوەی دیجیتاڵ؛

٣. نوانەسازیی گۆڤارەکان؛

٤. پێوان و تۆمارکردنی ئاماژەمەندی؛

٥. پێوانی ئاماژەکان؛

٦. دابینکردنی هاوکۆلکەی کاریگەری (Impact Factor: IF) (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٦٢).

بە بڕوای سەجادی، کێشەی بڵاوکراوەی کوردی تەنیا کێشەی «زمان» نییە، بەڵکوو کێشەی «مێکانیزمی بەڕێوەبردن» و «نەبوونی ڕوانگەی ئەکادیمیکی جیهانی»یە. تا ئەو کاتەی سیستەمێکی دیجیتاڵی متمانەپێکراو بۆ ئاماژەپێوی نووسینە کوردییەکان دامەنەزرێت، بەرهەمی زانستیی کوردی لە بازنەی خۆیدا دەمێنێتەوە و ناتوانێت کاریگەریی ڕاستەقینە لە دونیای زانستدا دروست بکات.

**٣. دەرەنجام: نەخشەڕێگایەک بۆ پاراستنی پێگەی زانستیی کوردی**

ئەم بەشەی کتێبەکە، وەک ئەنجام و کۆتاییی بەرهەمەکە نەخشەڕێگایەکی کردەیی و ستراتیژییە، بۆ ئەوەی زمانی کوردی لە قۆناغی «زمانێکی پەراوێزخراو» دەرباز بکرێت و بگاتە ئاستی «زمانێکی خاوەن پێگە لە جیهانی زانستدا».

**٣ . ١. پەیامی سەرەکی: نوانەسازی وەک ئەرکی نیشتمانی:** نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەرەپێدانی زمانی کوردی نابێت تەنیا لە ڕەهەندە فۆلکلۆری و زمانییە گشتییەکاندا کورت بکرێتەوە. پەیامی سەرەکیی ئەم بەشە ئەوەیە کە «نوانەسازی» بۆ دەقی کوردی، ئەرکێکی هەنووکەیی و نیشتمانییە. هەروەک چۆن وەزارەتی پەروەردە ئەرکی فێرکردنی زمانی لە ئەستۆیە، دەبێت وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەرکی نوانەسازیی ئەکادیمیکی بگرێتە ئەستۆ، تا زمانی کوردی لە ناوەندە جیهانییەکاندا ئامادەیی هەبێت.

**٣ . ٢. گۆڕانکاریی پارادیگماتیک؛ بەرەو سیستەمێکی زانستی: سەجادی داوای گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دەکات کە لەم خاڵانەدا چڕ دەبێتەوە:**

**٣ .٢ .١. چاکسازیی ڕیشەیی:** گۆڕینی شێوازی توێژینەوە لە «تەقلیدی» بۆ «ئەکادیمیکی جیهانی».

**٣ .٢ .٢. ژێرخانی دیجیتاڵ:** دامەزراندنی کتێبخانەی ئەلکترۆنی و بنکەدراوەی زانستی؛ کە کارێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکوو پێویستی بە بڕیاری حکوومی هەیە (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٨١، ١٨٣).

**٣ .٣. چارەسەری تەکنیکی بۆ ئاماژەپێوی:** نووسەر چارەسەرکردنی کێشەی ئەلفبێی کوردی لە ڕێگەی دوو بژاردە پێشنیار دەکات: ١. دامەزراندنی ناوەندێکی ناوخۆیی بۆ ئاماژەپێوی، وەک(ISC) ٢. بەکارهێنانی «پوختەی پەرەپێدراوی ئینگلیزی[١]»، بۆ ئەوەی سیستەمە جیهانییەکان بتوانن ئاماژەکان بۆ دەقە کوردییەکان تۆمار بکەن (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٧٦).

**٣ .٤. سێ پێشنیاری ستراتیژی بۆ داهاتوو:** نووسەر بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، سێ پێشنیاری گرنگ دەخاتەڕوو:

**٣ . ٤. ١. دامەزراندنی ناوەندی نوانەسازی:** کە ئەرکی ئیندێکسکردنی گۆڤارە زانستییەکان و دابینکردنی متمانەی زانستییان لە ئەستۆ بگرێت.

**٣. ٤. ٢. دیپلۆماسیی زانستی:** داڕشتنی سیاسەتێکی زانستی بۆ توێژەرانی کورد، تا بتوانن لە ئاستی نێودەوڵەتی بەشداری لە پرۆژە هاوبەشەکاندا بکەن و ئامادەییان هەبێت.

**٣ .٤. ٣. گرنگیدان بە ژانرە نوێیەکان:** هاندانی توێژەران بۆ نووسینی ڕانانی کتێب و وتاری ئەکادیمیک، چونکە ئەم جۆرە بەرهەمانە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر بینراوبوون و زیادبوونی ئاماژەپێوی هەیە (سەجادی، ٢٠٢٤: ١٨٢–١٨٣). بەگشتی، ئەم بەشە نەخشەڕێگایەکی زانستیی تەواو و بەجێ بۆ گەشەسەندنی زمانی کوردی لە بواری ئەکادیمیک پێشکەش دەکات. نووسەر توانیویەتی گرێکوێرەی نێوان سیاسەتی زمانی و تەکنەلۆژیای زانیاری بکاتەوە؛ بەڵام دەبێت ئەوەش بگوترێت کە جێبەجێکردنی ئەم پێشنیازانە پێویستی بە «ویستی سیاسی» هەیە. کێشەی سەرەکی تەنیا نەبوونی ناوەندەکان نییە، بەڵکوو کەمیی کولتووری ئاماژەپێوی و لاوازیی «ڕانانی زانستی» لە ناو دامەزراوە ئەکادیمییەکانیشە. لەبەر ئەوە، ئەم بەشە دەستپێکی گفتوگۆیەکی گرنگ و پێویستە بۆ داهاتووی ئەکادیمیای کوردی. ئەگەر ناوەندە پەیوەندیدارەکان ئەم پێشنیازانە وەک پرۆگرامێکی کار وەرنەگرن، زمانی کوردی هەر وەک زمانێکی ناوخۆیی بۆ توێژینەوە دەمێنێتەوە و ناتوانێت ببێتە زمانێکی خاوەن هاوکۆلکەی کاریگەری، کە ئەمڕۆ یەکێکە لە گرنگترین پێوەرەکانی متمانەی زانستی لە جیهاندا.

١. Extended Abstract

## ٤. ئەنجامەکان

دوای خوێندنەوەی کتێبی نوانەسازی و ئاماژەپێوی بۆ نووسینی ئاکادێمیکی کوردی، بەو ئەنجامە گەیشتین کە ئەم بەرهەمە تەنیا کتێبێکی ڕێنمایی بۆ نووسینی ئەکادیمیک نییە، بەڵکوو بانگەوازێکی ڕوونە بۆ بەدامەزراوەییکردنی زانست لە کوردستان. نووسەر پێی وایە ئەگەر زمانی کوردی بیەوێت لە جیهانی زانستیدا شوێنی خۆی هەبێت، دەبێت ببێتە زمانی بەرهەمهێنانی زانستی؛ ئەمەش بەبێ دامەزراندنی سیستەمەکانی نوانەسازی، ئاماژەپێوی، ئیندێکسکردن و هاوکۆلکەی کاریگەری نامۆمکنە، بۆیە کتێبەکە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی و قووڵ پێشکەش دەکات، بۆ ناساندنی کەلێنە بنەڕەتییەکانی ئەکادیمیای کوردی و ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی توێژەران و گۆڤارە ئەکادیمییەکان دەبنەوە. یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی ئەو بەرهەمە، بابەتی نوانەسازییە. نووسەر بە ڕاشکاوی دەریدەخات کە گۆڤارە زانستییەکانی کوردستان هێشتا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نە ناسراون و نە متمانەپێکراون؛ چونکە ژێرخانێکی نیشتمانی و ستاندارد بۆ تۆمارکردن، ئەرشیفکردن و نوانەسازیی بەرهەمە زانستییەکان بوونی نییە. لەبەر ئەوە، سەجادی بانگەشەی گۆڕانکارییەکی پارادیگماتیک دەکات؛ واتە گواستنەوە لە شێوازی نووسینی ساکار و بێپێوەر، بۆ سیستەمێکی ئەکادیمیکی جیهانی کە گۆڤارەکان تێیدا بە بنەمای هەڵسەنگاندنی زانستی، ستانداردی نێودەوڵەتی و متمانەپێکراوی بەڕێوە بچن. هەروەها، لەم خوێندنەوەیەدا دەردەکەوێت کە نووسەر جەختی لەسەر پابەندبوون بە پێوەرە جیهانییەکان کردووەتەوە؛ لەوانە، بەکارهێنانی ژمارەی ناساندنی گۆڤار(ISSN)، ناسنامەی دیجیتاڵیی بەرهەمە زانستییەکان (DOI) و ناسنامەی نێودەوڵەتی توێژەران(ORCID) هەروەها پابەندبوون بە بنەماکانی ئەخلاقی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی بێلایەن. بە بڕوای نووسەر، ئەم پێوەرانە بناغەی متمانەپێکردن بە هەر بەرهەمێکی ئەکادیمییە و هەنگاوی یەکەم بۆ چوونە ناو بازنەی زانستیی جیهانین.

لە هەمان کاتدا، نووسەر ئاماژەپێوی وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ پێوانەکردنی کاریگەری و پێگەی زانستیی توێژەران و گۆڤارەکان دەناسێنێت. بە بڕوای سەجادی، تا سیستەمێکی نیشتمانی و متمانەپێکراو بۆ تۆمارکردن و هەژمارکردنی ئاماژەپێوی دانمەزرێت، بەرهەمی زانستیی کوردی لە کێبڕکێی زانستیی نێودەوڵەتیدا هەر لە پەراوێزدا دەمێنێتەوە، بۆیە بەرپرسیارێتیی ئەم گۆڕانکارییە تەنیا لە ئەستۆی تاک نییە، بەڵکوو ئەرکی وەزارەتی خوێندنی باڵا، زانکۆکان و دامەزراوە ئەکادیمییەکانە تا ژێرخانێکی دیجیتاڵیی پێشکەوتوو، بۆ بەڕێوەبردنی گۆڤار و توێژینەوەکان دابین بکەن. لە کۆتاییدا، سەجادی کۆمەڵێک پێشنیاری کردەیی پێشکەش دەکات؛ لەوانە دامەزراندنی بنکەدراوەیەکی ئەلیکترۆنیی نیشتمانی بۆ کۆکردنەوە و نوانەسازیی بەرهەمە زانستییەکان، وازهێنان لە شێوازی کۆنی چاپ و گواستنەوە بۆ سیستەمە ستانداردە جیهانییەکان، یەکخستنی زاراوە ئەکادیمییەکان، ئامادەکردنی فەرهەنگی پسپۆڕانە و هەوڵدان بۆ بەشداریکردنی گۆڤار و زانکۆکانی کوردستان لە سیستەمە جیهانییەکانی ڕیزبەندی و هەڵسەنگاندن. بە گشتی، ئەم کتێبە دەکرێت وەک نەخشەڕێگایەکی زانستی و ستراتیژی بۆ داهاتووی ئەکادیمیای کوردی پێناسە بکرێت. نووسەر بە شێوازێکی زانستی گرێی نێوان سیاسەتی زمان، ژێرخانی دیجیتاڵ و ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی بەرهەمهێنانی زانست دەکاتەوە و پیشان دەدات کە پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی، تەنیا بە بەرهەمهێنانی ئەدەبی بەدینایەت، بەڵکوو پێویستی بە دامەزراندنی سیستەمێکی مۆدێرنی توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی زانستی هەیە. هەرچەندە جێبەجێکردنی ئەم پێشنیازانە پێویستی بە ویستی سیاسی، ژێرخانی تەکنیکی و کەلتوورێکی نوێی ئەکادیمیک هەیە؛ بەڵام ئەگەر دامەزراوە پەیوەندیدارەکان ئەم ڕێنماییانە وەک پرۆگرامێکی کاری نیشتمانی وەربگرن، زمانی کوردی دەتوانێت لە قەیرانی پەراوێزبوون دەرباز ببێت و شوێنی شیاوی خۆی لە ناو جیهانی زانستدا بەدەست بهێنێت.

## سەرچاوەکان


اجلالی، پرویز (۱۳۹۲). «*جهانی‌شـــدن و زبـان فارســی: نکاتـی درباره برنامه‌ریزی زبان ملی*». مطالعات اجتماعی ایران. ۸(۳). صص. ٦-۲۷.

انصافی، سکینه و غریبی، حسین (۱۳۸۱) *دانش ایران در سطح بین‌المللی* .تهران: مرکز اطلاعات و مدارک علمی ایران.

توکلی‌زاده راوری، محمـد و همکـاران (۱۳۹٥). «*تحلیلی بر یـک دهـه تولیـد علم پژوهشـــگران ایرانی در ســطح ملی*». پژوهشنامه علم سنجی. ۲(٤/۲). صص. ۱-١٤.

سەجادی، بەختیار (۲۰۲۲). *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی (ئینگلیزی، کوردی، فارسی)*، هەولێر: ماڵی وەفایی، چاپی یەکەم.

__________(۲۰۲٤). *نوانەسازی و ئاماژەپێوی بۆ نووسینی ئەکادێمیکی کوردی*، هەولێر: دامەزراوەی ڤیژین ئیجۆکەیشن، چاپی یەکەم.

فیروز، یمین (۱۳۹٦). *آشنایی با شاخص های علم سنجی* ، بابل: دانشگاه علوم پزشکی.

نوروزی چاکلی، عبدالرضـا؛ حســن‌زاده ، محمد؛ نورمحمدی، حمزه‌علی. (۱۳۸۷). *ارزیابی تطبیقی یک و نیم دهه تولیدات علمی ایران و جهان*. با همکاری علی اعتمادی فرد. تهران: وزارت علوم، تحقیقات و فناوری، مرکز تحقیقات سیاست علمی کشور.

__________(۱۳۹۲). *آشنایی با علم‌سنجی: مبانی، مفاهیم، روابط و ریشه‌ها*. تهران: سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاه‌ها(سمت).

Beall, J. (۲۰۱٦). *Essential information about predatory publishers and journals*. International Higher Education, (۸٦), ۲–۳.

Garfield, E. (۱۹۷۲). Citation analysis as a tool in journal evaluation. Science, ۱۷۸ (٤۰٦۰), ٤۷۱–٤۷۹.

Hirsch, J. E. (۲۰۰٥). An index to quantify an individual's scientific research output. *Proceedings of the National Academy of Sciences,* ۱۰۲(٤٦), ۱٦٥٦۹–۱٦٥۷۲.

**A Review of Bakhtiar Sadjadi's Indexing and Citation for Kurdish Academic Writing**

**Jafar Ghahramani**

**Abstract**

Indexing and Citation for Kurdish Academic Writing by Bakhtiar Sadjadi was published in Erbil in ٢٠٢٤. In this book, Sadjadi seeks to move the Kurdish language beyond the margins of isolation and to introduce Kurdish scholarly literature to the gateways of Indexing and Citation at an international level. Through posing a series of precise questions to official institutions, the author proposes a technical roadmap for the Ministry of Higher Education of KRG. The book does not merely identify problems from a critical perspective; rather, the researcher, acting as an architect of the academic field, has been able to unravel the complex relationship between language policy and information technology. Sadjadi emphasizes that academic reform in Kurdistan is no longer an option for enhancing individual prestige; rather, it is a national necessity to ensure that Kurdish is recognized as a standardized scientific language. This work is recognized as the first Kurdish book addressing the significance of citation for the Kurdish academic articles and indexing for Kurdish academic journals. Its content is not merely a collection of regular criticisms; rather, it introduces what may be described as an “Academic Reform Manifesto,” which all relevant parties should observe as a fundamental principle of scientific administration. Sadjadi discusses the experience of the journal Pêjûhishnâme-ye Adabiyât-e Kurdî (Journal of Kurdish Literature), which, as the first central Kurdish journal, has succeeded in gaining recognition from the Information Sciences Citation Database (ISC), obtaining a DOI, and being indexed in the Directory of Open Access Journals (DOAJ). The experience of this journal demonstrates that if academic mechanisms are implemented properly, the Kurdish language has the capacity to establish its position within global rankings. In this article, using a descriptive-analytical approach, an attempt is made to examine in details the process through which the Kurdish academic sphere can move from a state of isolation toward a global system of Indexing. If the relevant institutions do not adopt the recommendations of this book as an operational program, the Kurdish scholarly literature will be unable to develop an effective scholarly Impact Factor, which today constitutes one of the principal measures of scientific credibility.

**Keywords**: Indexing; Citation; Kurdish academic writing; Impact Factor.

## خوانشی بر کتاب «نوانەسازی و ئاماژەپێوی بۆ نووسینی ئەکادێمیکی کوردی» اثر دکتر بختیار سجادی

جعفر قارەمانی

**چکیده**

کتاب «نوانەسازی و ئاماژەپێوی بۆ نووسینی ئەکادێمیکی کوردی» نوشتهٔ بختیار سجادی، در سال ۲۰۲۴ از سوی مؤسسهٔ *ویژن ایجوکیشن* در اربیل چاپ و منتشر شده است. سجادی در این کتاب کوشیده است زبان کُردی را به سوی عرصه‌های نمایه‌سازی و استناد در سطح بین‌المللی هدایت کند. نویسنده با طرح مجموعه‌ای از پرسش‌ها خطاب به نهادهای رسمی، نقشه‌راهی علمی و عملی به وزارت علوم ارائه می‌دهد. این کتاب صرفاً به شناسایی مشکلات از منظر انتقادی نمی‌پردازد؛ بلکه پژوهشگر با نگاهی نظام‌مند به حوزه‌ی علمی می‌کوشد پیوند پیچیدهٔ میان سیاست زبانی و فناوری اطلاعات را تبیین کرده و برای گشودن گره‌های آن راهکار ارائه دهد. سجادی تأکید می‌کند که اصلاحات علمی در کردستان دیگر گزینه‌ای برای شهرت فردی نیست، بلکه ضرورتی ملی است تا زبان کُردی به‌عنوان زبانی علمی و برخوردار از استانداردهای معتبر شناخته شود. این اثر به‌عنوان نخستین کتاب کُردی دربارهٔ سایتیشن (Citation) برای زبان کُردی و ایندکسینگ (Indexing) برای پژوهش‌های کُردی شناخته می‌شود. محتوای این کتاب آشنایی با «بیانیهٔ اصلاحات آکادمیک» است؛ بیانیه‌ای که لازم است همهٔ نهادها و بخش‌های مرتبط، آن را همچون الفبای مدیریت علمی مورد توجه قرار دهند. سجادی در این کتاب از تجربهٔ مجلهٔ *پژوهشنامه ادبیات کُردی* سخن می‌گوید که به‌عنوان نخستین مجلهٔ کُردی توانسته اعتماد پایگاه علمی ISC را به دست آورد، صاحب شناسهٔ DOI شود و در پایگاه DOAJ نمایه شود. تجربهٔ این مجله نشان می‌دهد که اگر سازوکارهای علمی به‌درستی اجرا شوند، زبان کُردی توانایی آن را دارد که جایگاه شایستهٔ خود را در رتبه‌بندی‌های جهانی به دست آورد. در این مقاله، با رویکردی توصیفی ـ تحلیلی، تلاش شده است چگونگی انتقال حوزهٔ علمی زبان کُردی از وضعیت انزوا به سوی یک نظام نوانەسازی جهانی، مورد بررسی قرار گیرد. در نهایت، اگر نهادهای علمی پیشنهادهای این پژوهش را به‌عنوان برنامه‌ای عملی نپذیرند، زبان کُردی نخواهد توانست به سطح مطلوبی از تأثیرگذاری و اعتبار علمی جهانی دست یابد؛ مؤلفه‌هایی که امروزه از معیارهای مهم سنجش جایگاه و اعتبار علمی به‌شمار می‌روند.

**واژگان کلیدی:** نمایه‌سازی؛ استناد؛ نگارش علمی کُردی؛ ضریب تأثیر.